# پلانی کارگێڕیی وەزارەتی تەندروستیی عێراق و ڕەوشی دام و دەزگا تەندروستییەکانی سلێمانی (١٩٥٧-١٩٦٨)

پ.د. پشکۆ حەمە تاهیر عەبدولڕەحمان
بەشی مێژوو/ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
زانکۆی سلێمانی
Pishko.tahir@univsul.edu.iq

م.ی. دلێر عەزیز مەحمود
بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك
خوێندنی کوردی / یەکەی سەرپەرشتیار
hayat.darya.jamal@koyauniversity.org

**پوختە:**
ئـەم توێژینەوەیـە لـە ژێـر نـاوی «پلانـی کارگێڕیـی وەزارەتـی تەندروسـتیی عێـراق و ڕەوشـی دام و دەزگا تەندروسـتییەکانی سـلێمانی ١٩٥٧- ١٩٦٨» لـە دوو تـەوەری سـەرەکی پێـک هاتـووە، هـەر تەوەرێـک دابەشـی چەنـد باسـێک کـراوە. لـە تـەوەری یەکەمـدا، بـاس لـە پلانـی کارگێـڕی وەزارەتـی تەندروسـتی عێـراق لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٥٧–١٩٦٨) کـراوە، تیشـک خراوەتـە سـەر یاسـاکانی وەزارەتـی تەندروسـتی وپێکهاتـەی ئـەو وەزارەتـە لـەڕووی کارگێڕیـەوە لەگـەڵ یاسـاکانی حوکوومەتـی عێـراق بـۆ ڕێکخسـتنەوەی کەرتـی تەندروسـتی، پاشـان تیشـک کراوەتـە سـەر بودجـەی گشـتی عێـراق و بـڕی ئـەو بودجەیـەی تەرخـان کـراوە بـۆ کەرتـی تەندروسـتی و دیاریکردنـی پشـکی تـاک لـەو داهاتـە، هەروەهـا ئامـاژە بـە چاکسـازییەکانی حوکوومەتـی عێـراق کـراوە لـە کەرتەکانـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و بازرگانـی لەگـەڵ کاریگەیـی ئـەو چاکسـازییانە لەسـەر کەرتـی تەندروسـتیدا، جگـە لـە خسـتنەڕووی ئـەو ڕێککەوتنامـە نێودەوڵەتـی و دوو قۆڵییانـەی کـە عێـراق بەشـداری تێـدا کـردووە تایبـەت بـە لایەنـی تەندروسـتی، تـەوەری دووەمیـش تەرخـان کـراوە بـۆ ڕەوشـی دام و دەزگا تەندروسـتییەکانی شـاری سـلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٧–١٩٦٨، لـەم تـەوەرەدا کۆمەڵێـک زانیـاری لەسـەر شـاری سـلێمانی خراوەتـە ڕوو وەکـوو: پێکهاتـەی کارگیـری ئـەو لیوایـە بـۆ سـاڵی ١٩٥٧ و ژمـارەی دانیشـتوانی، لەگـەڵ ئاماژەکـردن بـە ژمـارەی نەخۆشـخانە و بنکـەی تەندروسـتی و ژمـارەی پزیشـک لـە شـاری سـلێمانی، لەگـەڵ دیاریکردنـی بەرکەوتـەی پزیشـک و قەرەوێڵـەی نەخۆشـخانە بـۆ دانیشـتوانی سـلێمانی لـەو ماوەیـەدا، جگـە لـە دیاریکردنـی بودجـەی تەرخانکـراو بـۆ پڕۆژەکانـی کەرتـی تەندروسـتی لـە سـلێمانی.
کلیلەوشە: تەندروستی، سلێمانی، عێراق، پزیشک، نەخۆشخانە.

## ١. پێشەکی

لێکۆڵینـــەوە لــە کۆمەڵگــە گرنگــە، بــە تایبەتــی بابەتــی تەندروســتی، ئەمــەش دەگەڕێتــەوە بــۆ گرنگیــی ئــەم بــوارە کــە پێوەندیــی ڕاســتەوخۆی بــە ژیانــی مرۆڤــەوە هەیــە، بۆیــە پێویســتە ئــەم لایەنــە فەرامــۆش نەکرێــت و لێکۆڵینــەوەی پێویســتی لەســەر بکرێــت، کــە ئــەم بابەتــە دەبێتــە بەشــێکی گرنــگ لــە میــژووی ســلێمانی لــە ڕووی کۆمەڵایەتییــەوە، لەلایەکــی دیکــەوە بەســەرکردنەوەی مێــژووی ڕاژەی ئــەو کەسانەی لـە بـواری تەندروسـتیدا کاریـان کـردووە و خزمەتـی دانیشـتوانی سـلێمانییان کـردووە لـە چەنـدان ڕووەوە، کـە ئـەم کارەی پێشـتر کـراوە لـە خزمەتکردنـی دانیشـتوانی ئـەو شـارە دەبێتـە ئەزموونێـک بـۆ نـەوەی نـوێ و هەمـوو ئـەو کەسانەی لـە بـواری تەندروسـتی کار دەکـەن تاوەکـوو لەسـەر ڕێبـازی خزمەتکـردن بـەردەوام بـن.

ڕەوشــی تەندروســتیی ســلێمانی، بەشــێک بــووە لــەو ڕەوشــەی کــە لــە هەمــوو عێراقــدا هەبــووە، لــە ڕووی یاســا و پێکهاتــەی کارگێڕیــی تەندروســتی، بــەڵام هــۆکارە ڕامیــاری و ئابــووری و کۆمەڵایەتــی و ڕۆشــنبیرییەکان ئــەوەی کاریگەرییــان بەســـەر ڕەوشـــی تەندروســـتییەوە هەبـــووە جیـــاواز بـــووە، ئەویـش بەهـۆی تایبەتمەندیـی کۆمەڵگـەی سـلێمانی لـە ڕووی کولتـووری و جوگرافـی و مرۆییـەوە، بۆیـە ئـەم کاریگـەری و جیاوازییانـە بووەتـە هـۆی دروسـتبوونی جیـاوازی لـە ژمـارەی نەخۆشـخانە و پزیشـک و کارمەنـدی تەندروسـتی، هەروەهـا لـە ڕووی بودجـە و خزمەتگوزاریـی تەندروسـتییەوە، ئەمـەش بێگومـان دەبێتـە بەشـێک لـە مێـژووی تەندروسـتیی سـلێمانی و خەباتـی ئەوانـەی لـەو کەرتـەدا کاریـان کـردووە.

هــۆکاری هەڵبژاردنــی ئــەم ناونیشــانە، دەگەڕێتــەوە بــۆ ئــەوەی کــە بــواری تەندروســتی وێــڕای بایــەخ و گرنگــی لــە مێــژووی ســلێمانیدا، کەچــی لــە چوارچێــوەی توێژینەوەیەکــی ئەکادیمیــی تایبــەت بەســەر نەکراوەتــەوە، لــە کاتێکــدا ئەگــەر بــاری ســەرنج بخەینــە ســەر لایەنــی تەندروســتی، هەســت دەکەیــن کــە ئــەم لایەنــە شــتێکی ئەوتــۆی لــە لایەنەکانــی دیکــەی ڕامیــاری و کۆمەڵایەتــی و ســەربازی کەمتــر نەبــووە، کــە لــە لایــەن توێژینــەوە ئەکادیمییەکانــدا زیاتــر بەســەر کراونەتــەوە.

سـەبارەت بـە ڕێبـازی لێکۆڵینـەوە، بەگوێـرەی تایبەتمەنـدی و سروشـتی زانسـتی لێکۆڵینەوەکـە، سـوود لـە ڕێبازەکانـی وەسـفی و شـیکاری و بـەراوردکاری وەرگیـراوە، چونکـە بابەتەکـە جگـە لـە باسـکردنی مێژوویـی بـۆ دۆخـی تەندروسـتی، ئـەوا کاریگەریـی بڕیـار و هەنگاوەکانـی حوکوومەتـی عێراقیـش بـۆ سـەر خزمەتگوزاریـی تەندروسـتی کـراوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەراوردکاری کـراوە بـۆ ئاسـتی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی لەسـەر ئاسـتی عێـراق و ڕێـژەی ئـەو خزمەتگوزارییـە لـە شـاری سـلێمانی.

ئـەم توێژینەوەیـە لـە دوو تـەوەری سـەرەکی پێـک هاتـووە، هـەر تەوەرێـک دابەشـی چەنـد باسـێک کـراوە، لـە تـەوەری یەکەمـدا، بـاس لـە پلانـی کارگێڕیـی وەزارەتـی تەندروسـتی عێـراق لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٥٧-١٩٦٨) کـراوە، تیشـک خراوەتـە سـەر یاساکانی وەزارەتـی تەندروسـتی و پێکهاتـەی ئـەو وەزارەتـە لـەڕووی کارگێڕییـەوە لەگـەڵ یاسـاکانی حوکوومەتـی عێـراق بـۆ ڕێکخسـتنەوەی کەرتـی تەندروسـتی، پاشـان تیشـک خراوەتـە سـەر بودجـەی گشـتیی عێـراق و بـڕی ئـەو بودجەیـەی تەرخـان کـراوە بـۆ کەرتـی تەندروسـتی و دیاریکردنـی پشـکی تـاک لـەو داهاتـە، هەروەهـا ئامـاژە بـە چاکسـازییەکانی حوکوومەتـی عێـراق کـراوە لـە کەرتەکانـی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و بازرگانـی لەگـەڵ کاریگەریـی ئـەو چاکسـازییانە لەسـەر کەرتـی تەندروسـتیدا، جگـە لـە خسـتنەڕووی ئـەو ڕێککەوتننامـە نێودەوڵەتـی و دوو قۆڵییانـەی کـە عێـراق تایبـەت بـە لایەنـی تەندروسـتی بەشـداریی تێـدا کـردووە، تـەوەری دووەمیـش تەرخـان کـراوە بـۆ ڕەوشـی دام و دەزگا تەندروسـتییەکانی شـاری سـلێمانی لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٧-١٩٦٨. لـەم تـەوەرەدا کۆمەڵێـک زانیـاری لەسـەر شـاری سـلێمانی خراوەتـەڕوو وەک: پێکهاتـەی کارگێـری ئـەو لیوایـە بـۆ سـاڵی ١٩٥٧ و ژمـارەی دانیشـتوانی، لەگـەڵ ئاماژەکـردن بـە ژمـارەی نەخۆشـخانە و بنکـەی تەندروسـتی و ژمـارەی پزیشـک لـە شـاری سـلێمانی، لەگـەڵ دیاریکردنـی بەرکەوتـەی پزیشـک و قەرەوێڵـەی نەخۆشـخانە بـۆ دانیشـتوانی سـلێمانی لـەو ماوەیـەدا، جگـە لـە دیاریکردنـی بودجـەی تەرخانکـراو بـۆ پڕۆژەکانـی کەرتـی تەندروسـتی لـە سـلێمانی.

لـەم توێژینەوەیـەدا، سـوود لـە چەنـدان بەڵگەنامـە و

سەرچاوەی زانستی وەرگیراوە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سوودمان لێ بینیبێت، بەڵگەنامە حوکوومییەکانن کە لە لایەن حوکوومەتی عێراقەوە ئامارەکانیان خستووەتە ڕوو. وەکوو ئامارەکانی وەزارەتەکانی تەندروستی و داد و پلاندانان و ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی، کە ئەم وەزارەتانە ساڵانە ئاماریان خستووەتە ڕوو و ئەو ئامارانە خزمەتی بە توێژینەوەکە کردووە. سەرچاوەیەکی دیکە بریتی بووە لە توێژینەوەی زانستی کە لەسەر تەندروستی نووسراون، وەکوو توێژینەوەکانی: «ئازاد مەجید محەمەد: ڕەوشی تەندروستی کەرکوک لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٦٨، حیدر حمید رشید: الاوضاع الصحية في العراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨، نادية مسعود شريف الجراح: الخدمات الصحية في الموصل ١٩٥٨– ١٩٦٨، اشواق كاطع نخيل الصريفي: الواقع الصحي في لواء الناصرية ١٩٥٨– ١٩٦٨، رحمة علي موسى القرة غولي: الاوضاع الصحية في العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٠، ضحى نجم عبد كشاش العبادي: نقابة اطباء العراق ١٩٥٢– ١٩٦٨»، ئەمە وێڕای ئەو ژمارانەی ڕۆژنامەی ژین و ڕۆژنامەی وەقائعی عێراقی کە سوودیان بۆ توێژینەوەکە هەبووە، لەگەڵ گۆڤارەکانی سلێمانی و تەندروستی پزیشک، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سوود لە چەندان کتێب وەرگیراون بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لەوانە: «جەمال بابان: سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی چوارەم، حسێن ئیسماعیل خان دەلۆ: ژیانی کۆمەڵایەتی لیوای سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٢١ – ١٩٥٨، هەوراز جەوهەر مەجید: شاری سلێمانی، ١٤ تەمموز ١٩٥٨ – ١٧ تەمموز ١٩٦٨، اديب توفيق الفكيكي: تاريخ اعلام الطب العراقي الحديث، الجزئين الاول والثاني، الدكتور عبدالامير علاوي ١٩١٢ – ١٩٩٨: تجارب و ذكريات، عبدالحميد العلوجي: تاريخ الطب العراقي، موسيس ديرهاكوبيان: حالة العراق الصحية في نصف قرن». لە کۆتاییدا، ئەم توێژینەوەیە وەکوو هەر توێژینەوەیەکی دیکە، لە کەموکوڕی بەدەر نییە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە تا دەکرێت لەو کەموکوڕییانە بە دووربین، هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەش کردبێت.

**١. پلانی کارگێڕیی وەزارەتی تەندروستیی عێراق (١٩٥٧-١٩٦٨):**

**١,٢. یاساکانی تایبەت بە وەزارەتی تەندروستی:**

لەدوای دەرچوونی یاسای ژمارە ٢٨ (العدلية ١٩٥٣، ١٢٧-١٢٨)ی ساڵی ١٩٥٢ تایبەت بە دامەزراندنی وەزارەتی تەندروستی، عەبدولرەحمان جەودەت (العلوجي ١٩٦٧، ١٦٣) وەکوو وەزیری تەندروستی لە ١٢ی تەمووزی ١٩٥٢ دەست بەکار بوو، ئەو یاسایە ئەرکی وەزارەتی تەندروستی کۆ کردەوە لە ٣ خاڵی سەرەکیدا کە بریتی بوون لە:

١. گرنگیدان بە تەندروستیی گشتی و پارێزگاری لە وەچەخستنەوە.

٢. دامەزراندنی پەیمانگەکانی خۆپارێزی لە نەخۆشییەکان و دروستکردنی نەخۆشخانە.

جـ - سەرپەرشتیکردنی کۆلێجی پزیشکی و نەخۆشخانە فێرکارییەکان و هەموو ئەو کۆلێج و قوتابخانە تەندروستییانەی لە عێراق بوونیان هەیە، ئەوانەی لە ئاییندەشدا دەکرێنەوە. (رشيد ٢٠٠٧، ٦٤)

بۆ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی ئەو ئەرکانەی سەرشانی وەکوو پێویست جێبەجێ بکات، ئەوا پێویست بوو سەرلەنوێ دام و دەزگاکانی خۆی ڕێک بخاتەوە، کە بەپێی ئەو یاسایەی سەرەوە وەزارەتی تەندروستی پێک هاتبوو لە:

**یەکەم: دیوانی وەزارەت:** ئەم فەرمانگەیە لەژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی بوو کە یاریدەدەری وەزیر بووە لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەتی تەندروستی و لەسەر هەموو کارەکانی دیوانی وەزارەت، ئەم دیوانە چەندان بەڕێوەبەرایەتی و بەش و هۆبەی لەخۆ گرتبوو لەوانە:

١. بەڕێوەبەرایەتیی چارەسەری پزیشکی: لە لایەن بەڕێوەبەرێکی بە پلەی سەرۆکی تەندروستی بەڕێوە دەبرا کە بەرپرس بووە لە کاروباری چارەسەری پزیشکی، ئەم بەڕیوەبەرایەتییە سەرپەرشتی بەشەکانی «نەخۆشخانەکان، بنکە تەندروستییەکان، دەرمانخانەکان، بەشی تەندروستیی دێهاتەکان، بەشی پەیمانگە هونەرییەکان وەکوو پەیمانگەی چارەسەری پزیشکی و تیشک و بەکتریۆلۆجی و باسۆلۆجی و کوتان و باستوور و تاقیگەی کیمیاوی و پەیمانگەی توێژینەوە، لەگەڵ بەشی بەڕێوەبەرایەتی کۆگای پزیشکی»

كــردووە. (ا. الصحــة ١٩٥٥، ١٠)

٢. بەڕێوەبەرایەتیــی خۆپارێزیــی تەندروســتی و كۆمەڵایەتــی: لــە لایــەن بەڕێوەبەرێكــی بــە پلــەی ســەرۆكی تەندروســتی بەڕێــوە دەبــرا، كــە بەرپــرس بــووە لــە خۆپارێزیــی تەندروســتی و كۆمەڵایەتــی، ئــەم بەڕێوەبەرایەتییــە پێــك هاتبــوو لــەم بەشــانەی لای خــوارەوە:

أ: بەشــی نەخۆشــییە نیشــتەجێیەكان وەكــوو: مەلاریــا، ئەنكلســتۆما، بەلهارزیــا، جــذام لەگــەڵ قەڵاچۆكردنــی مێــش و مەگــەز.

ب: بەشــی تەندروســتیی گشــتی و چاودێریكردنــی خواردەمەنییــەكان كــە پێــك هاتبــوو لــە بەڕێوەبەرایەتیــی تەندروســتی پایتەخــت (بەغــدا) و طبابــەی شــارەكان.

ج: بەشــی تەندروســتیی كۆمەڵایەتــی كــە پێــك هاتبــوو لــە هۆبــەی دایــكان و منــداڵان و نەخۆشــییەكانی ســینگ و زاوزێ و ڕیكلامــی تەندروســتی.

د- بەشی بەربەستی تەندروستی (كەرەنتینە) و ئافاتەكان.

هـ - بەشــی ئامارەكانــی تەندروســتی و ژیانــی (الاحصــاء الحیاتــی والصحــی).

و- بەشی تۆماركردن (رشید ٢٠٠٧، ٦٦)

٣. بەشــی خۆیەتــی: ئــەم بەشــە بەڕێوەبەرێــك هەبــوو سەرپەرشــتی بەشــەكانی: خۆیەتــی، پــەڕاوەكان، نامــە و نــووسراوەكان، وەرگێــڕان لەگــەڵ خزمەتگوزارییــە تەندروســتییەكانی دەكــرد.

٤. بەشــی ژمێریــاری: ئــەم بەشــە بەڕێوەبەرێكــی هەبــووە سەرپەرشــتی بەشــەكانی: كاروبــاری دارایــی وەزارەتــی تەندروســتی و هەمــوو ئــەو فەرمانگانــەی ســەر بــەو وەزارەتــە هــەن، وردبیــن، میــلاكات، هۆیەكانــی گواســتنەوە لەگــەڵ ئۆتۆمبێلــی فریاكەوتنــی دەكــرد.

٥. بەشــی یاســایی: ئــەم بەشــە بەڕێوەبەرێكــی هەبــووە سەرپەرشــتی كارەكانــی: كێشــەی یاســایی، دانانــی یاســای وەزارەت، نوێنــەری وەزارەت دەبێــت لــە دادگاكان، ڕێكخســتنی گرێبەســتەكان لەگــەڵ بەدواداچــوون بــۆ ئــەو بەڵێندەرانــەی كار بــۆ وەزارەتــی تەندروســتی دەكــەن لــەڕووی یاســاییەوە دەكــرد.

٦. نووســینگەی تایبــەت: فەرمانبەرێــك بــە پلــەی تێبینــەر كارەكانــی ئــەم نووســینگەیەی بەڕێــوە دەبــرد كــە ڕاســتەوخۆ بــە وەزیــری تەندروســتییەوە بەســترابووەوە. (محەمــەد ٢٠١٧، ٨٢).

**دووەم: ڕاگرایەتیــی كۆلێجــی پزیشــكی:** لــە لایــەن ڕاگرێكــەوە بەڕێــوە دەبــرا، بەپێــی یاســایەكی تایبــەت كــە ڕاگــر ڕاســتەوخۆ بەرپــرس بــوو لەبــەردەم وەزیــری تەندروســتی و ئــەم ڕاگرایەتییــە پێــك هاتبــوو لــە: كۆلێجــی پزیشــكی، پزیشــكی ددان، دەرمانســازی، كیمیــا، قوتابخانــەی فەرمانبەرانــی تەندروســتی و مامانــەكان لەگــەڵ نەخۆشــخانەی پاشــایەتی لــە بەغــدا.

**ســێیەم: پشــكنەری گشــتیی تەندروســتی:** پشــكنەرێكی گشــتی بەڕێــوەی دەبــرد كــە ژمارەیــەك لــە پزیشــك و دەرمانســاز و كیمیاییــەكان (كیمیــا گــەران) و فەرمانبــەرە تەندروســتییەكان هــاوكاری بــوون، ئــەم پشــكنەرە ڕاســتەوخۆ بەرپــرس بــووە لەبــەردەم وەزیــر لــە پشــكنینی: فەرمانگــە و دامــەزراوە تەندروســتییەكان، دەرمانخانــەكان، نەخۆشــخانەكان لەگــەڵ كۆگاكانــی دەرمانــی هــەردوو كەرتــی تایبــەت و گشــتی.» (رشــید ٢٠٠٧، ٦٧)

لــە ڕاســتیدا ڕێكخســتنەوەی وەزارەتــی تەندروســتی، هەنگاوێــك بــوو بــۆ بەرەوپێشــبردنی كەرتــی تەندروســتی لــە عێــراق بەگشــتی، ئــەوە بــوو دەســت كــرا بــە دروســتكردنی چەنــدان نەخۆشــخانە و بنكــەی تەندروســتی لەســەر ئاســتی هەمــوو عێــراق و چەنــدان پێداویســتیی تەندروســتی دابیــن كــران، بودجــەی وەزارەتــی تەندروســتی زیــاد كــرا، بــەڵام لەگــەڵ هەمــوو ئەوانــەدا نەتوانــرا وەكــوو پێویســت خزمەتگوزاریــی تەندروســتی بگەیەنرێتــە هەمــوو تاكێكــی ئــەم وڵاتــە، چونكــە حوكوومــەت زیاتــر جەختــی لەســەر شــارە گــەورەكان و ناوەنــدی لیــواكان دەكــرد، بۆیــە ناوچــە دوور دەســت و دێهاتــەكان جگــە لــەوەی بــاری گوزەرانیــان لــەڕووی داراییــەوە خــراپ بــوو كــە توانــای ئەوەیــان نەبــوو ســەردانی ســەنتەری شــارەكان بكــەن بەمەبەســتی چارەســەری پزیشــكی، ئــەوا حوكوومەتیــش كــەم تەرخــەم بــوو لــە گەیاندنــی ئــەو خزمەتگوزاریانــە بــەو شــوێنانە. (الصریفــي ٢٠١٤، ٣٩) ئەمــەش وای كــرد حوكوومەتــی عێــراق بیــر لــەوە بكاتــە چــۆن خزمەتگوزاریــی تەندروســتی بگاتــە ئــەو شــوێنانە،

لــە ئەنجامــدا بیرۆکــەی دامەزراندنــی تەندروســتیی گــەڕۆک (الصحــة الســیارة)، لــە عێــراق هاتــە کایــەوە کــە بەپێــی ئــەم پرۆژەیــە تیمــی تەندروســتیی گــەڕۆک بــە گوێــرەی فەرمانــی کارگێــڕی مانگــی جارێــک ســەردانی ناوچــە دوور دەســتەکانیان دەکــرد. (العلوجـــي ١٩٦٧، ١٨١-١٨٢)

جگــە لــەو هەنگاوانــەش وەزارەتــی تەندروســتی بــەردەوام بــوو لــە دەرکــردن و هەموارکردنــەوەی یاســا تەندروســتییەکان، کــە ئامانــج لـــەم یاســانە باشـــترکردنی خزمەتگوزارییـــە تەندروســـتییەکان بـــوو لـــە عێـــراق بـــە ئاســـتیک هەمـــوو خەڵکــی عێــراق ســوود لــەو خزمەتگوزارییانــە وەربگــرن، بۆیــە چەنــدان یاســا دەرچــوون، لەوانــە یاســای ژمــارە (٩)ی ســاڵی ١٩٥٣ و یاســـای ژمـــارە (٢٦)ی ســـاڵی ١٩٥٦، کـــە مەبەســـت لــەم دوو یاســایە دیاریکردنــی بەرپرســیارێتی و دابەشــکردنی کارەکان بــە شــێوەیەک دادپــەروەری تێــدا ڕەچــاو بکرێــت بــۆ خزمەتکردنــی فەرمانبــەر و هاووڵاتــی. (رشــید ٢٠٠٧، ٦٧) لەگــەڵ ئەمانەشــدا حوکوومەتــی عێــراق لــە ڕێگــەی وەزارەتــی تەندروســـتییەوە بـــەردەوام بـــوو لـــە دەرکردنـــی یاســـاکان بەمەبەســتی ڕێکخســتنەوەی کەرتــی تەندروســتی، ئەوەبــوو لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٥٢ – ١٩٦٨ چەنــدان یاســا دەرچــوون لەوانــە: «یاســـای ژمـــارە (١٧) ســـاڵی ١٩٥٣ تایبـــەت بـــە لەناوبردنـــی پەڕاوەکانـــی وەزارەتـــی تەندروســـتی، یاســـای ژمـــارە (٥٣)ی ســاڵی ١٩٥٤ تایبــەت بــە وەزارەتــی تەندروســتی، یاســای ژمــارە (٥٩)ی ســاڵی ١٩٥٥ تایبــەت بــە وەزارەتــی تەندروســتی، یاســای ژمــارە (٢٦)ی ســاڵی ١٩٥٦ تایبــەت بــە وەزارەتــی تەندروســتی، یاســـای ژمـــارە (٣١)ی ســـاڵی ١٩٥٧ تایبـــەت بـــە وەزارەتـــی تەندروســـتی، یاســـای ژمـــارە (٧)ی ســـاڵی ١٩٥٨ تایبـــەت بـــە وەزارەتـــی تەندروســـتی، یاســـای تەندروســـتیی گشـــتی ژمـــارە (٤٥) ســاڵی ١٩٥٨، یاســای ژمــارە (٢٦)ی ســاڵی ١٩٥٩ تایبــەت بـــە هەموارکردنـــەوەی یاســـای تەندروســـتیی گشـــتی، یاســـای ژمــارە (٢٦)ی ســاڵی ١٩٦٤ تایبــەت بــە ئەرکەکانــی ئەنجومەنــی تەندروســتی لــە لیــواکان، یاســای ژمــارە (١٦٢)ی ســاڵی ١٩٦٤ تایبـــەت بـــە هەموارکردنـــەوەی یاســـای تەندروســـتیی گشـــتی، ئەمـــە لەگـــەڵ چەنـــدان یاســـای دیکـــە کـــە لـــەو ماوەیـــەدا دەرچـــوون بەمەبەســـتی ڕێکخســـتنەوەی کەرتـــی تەندروســـتی لــە عێــراق.» (العلوجـــي ١٩٦٧، ١١٢-١١٣)

لەلایەکــی دیکــەوە حوکوومەتــی عێــراق لــە ڕێگــەی وەزارەتــی تەندروســتییەوە گرنگــی داوە بــە ڕێکخســتنەوەی کاری دەرمانخانــەکان، چونکــە یەکەمیــن یاســا لەعێــراق لــە بــواری دەرمــان ســاڵی خویندنــی ١٩٢٩ – ١٩٣٠ دەرچــووە و نــاوی لــێ نــرا دەســتووری دەرمانــی عێراقــی کــە وەکــوو ڕێبــەری خوێندکارانــی کۆلێجــی پزیشــکی و نەخۆشــخانەی فێــرکاری بــووە، لــەدوای ئــەم دەســتوورە ڕێگــەدرا چەنــدان دەرمانخانــەی تایبــەت و کــۆگای دەرمــان لــە سەرتاســەری عێــراق دابمەزرێــن لەشــارەکانی (بەغــدا، حلــە، کەربــەلا، ســلێمانی، رومــادی، بــەسرا لەگــەڵ مووســڵ). (العلوجــي ١٩٦٧، ٨١) بۆیــە حوکوومەتــی عێــراق لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــوو ئــەم بــوارە بخاتــە ژێــر دەســەڵاتی وەزارەتــی تەندروســتییەوە کــە بوراێکــی زۆر گرنگــە و ناکرێــت لەژێــر دەســتی کەرتــی تایبــەت بێــت، بۆیــە چەنــد هەنگاوێکــی نــا، لەوانــە: دروســتکردنی کارگــەی دەرمــان لــە ســامەرا کــە ئــەو کارگەیــە ســاڵی ١٩٦٠ و لــە چوارچێــوەی ڕێککەوتنامــەی نێــوان عێــراق و یەکیتــی ســۆڤێت دەســتکرا، بــە دروســتکردنی و چەنــدان خوێنــدکاری بــواری دەرمانســازی لــە عێراقــەوە نــاردران بــۆ یەکێتیــی ســۆڤێت بەمەبەســتی ڕاهێنــان لــەو کارگانــەی هاوشــێوەی کارگــەی دەرمانــی ســامەرا بــوون (محەمــەد ٢٠١٧، ١٢٢).

ئــەوەی جێگــەی ئاماژەپێکردنــە کارگــەی دەرمانــی ســامەرا نەیتوانیــوە ڕێــژەی تــەواوی دەرمانــی هەمــوو عێــراق دابیــن بــکات، بۆیــە حوکوومەتــی عێــراق بــۆ ڕێکخســتنەوەی هاوردەکردنـــی دەرمـــان، کۆمپانیایەکـــی دامەزرانـــد بەنـــاوی کۆمپانیـــای گشـــتیی هاوردەکـــردن و دابەشـــکردنی دەرمـــان و کەرەســـتەی کیمیـــاوی کـــە ســـەر بەدامـــەزراوەی گشـــتی بازرگانــی بــوو، ئــەم بڕیــارەش لــە ١٩٦٤/٨/١١ وە چــووە بــواری جێبەجیکردنــەوە و لەهەمانکاتــدا یاســای ژمــارە (١٥٨)ی ســاڵی ١٩٦٥ دەرچــوو کــە نــاسراوە بــە یاســای دامــەزراوەی گشــتی دەرمــان لــە عێــراق. (العلوجـــي ١٩٦٧، ٨٤-٨٥)

**٢,٢. بودجەی تەرخانکراو بۆ کەرتی تەندروستی:**

بــێ گومـــان بـــۆ جێبەجێکردنـــی ئـــەو پلانـــەی کـــە وەزارەت دایناب‌ــوو، پێویســت بــووە بودجــەی ئــەو وەزارەتــە زیــاد بکرێــت، ئەمــەش بــەدی کــرا لــە ســاڵی ١٩٤٨دا ئــەو

بودجەیەی تەرخان کرابوو بۆ کەرتی تەندروستی، بەگشتی بریتی بوو لە ١,١٥٦,٥٧٧ دینار کە دەیکردە ٤,٥٪ی کۆی داهاتی عێراق، بەڵام دوای ئەوە ئەو بودجەیە بەرز بووەتەوە تاوەکوو لە ساڵی ١٩٥٦ دا گەیشتووەتە ٤,٩٩٦,٧٢٨ دینار کە ٧,١٪ی کۆی داهاتی عێراقی پێک هێناوە. (رشید ٢٠٠٧، ٧٥) بەمەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی ئەو بودەجەیەی بۆ کەرتی تەندروستی عێراق تەرخان کراوە لەو ماوەیەدا ئەوا لە خشتەی ژمارە (١١)دا دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١) (عمران ٢٠١٢، جدول ٢١ ص٨٩) (محەمەد ٢٠١٧، پاشکۆی٩٣ خشتەی ٦١)؛ (رشید ٢٠٠٧، ٧٥) ؛ (القرەغولی ٢٠١٤، جدول ١٢ ص ٦٨)؛ (ا. التخطیط ١٩٧٢، جدول ٢٠٦ ص ٣١١)؛ (ا. التخطیط ١٩٦٩، جدول ٣٠ ص ٢٩)؛ (دیرهاکوبیان ١٩٨١، جدول ٧٦ ص ٢١٦)، تایبەت بە بودجە تەرخانکراو بە دیناری عێراقی بۆ کەرتی تەندروستی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٦٨:

| ساڵ | بودجەی گشتی عێراق | | | بودجەی کەرتی تەندروستی | | | ڕێژەی سەدی بودجەی تەندروستی ٪ | پشکی تاک بە فلس |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فلس | دینار | هەزار | فلس | دینار | هەزار | | |
| ١٩٥٧ | ٧٠,١٠٠,٠٠٠ | | | ٤,٦٨٢,٠٠٠ | | | ٦,٦ | ٧٥٠ |
| ١٩٥٨ | ٧٩,٢٠٦,٠٠٠ | | | ٤,٨٩٧,٠٠٠ | | | ٦,١ | ٧٧٤ |
| ١٩٥٩ | ١٠٠,١٦٦,٠٠٠ | | | ٥,٤٠٩,٠٠٠ | | | ٥,٤ | ٨٠١ |
| ١٩٦٠ | ١١٤,٢٨٥,٠٠٠ | | | ٦,١٧١,٠٠٠ | | | ٥,٤ | ٨٨٥ |
| ١٩٦١ | ١١٩,٠٨٨,٠٠٠ | | | ٦,٨١١,٠٠٠ | | | ٥,٧ | ٩٧٤ |
| ١٩٦٢ | ١٢٨,٤٠٠,٠٠٠ | | | ٧,٤٥٠,٠٠٠ | | | ٥,٨ | ١٠٠٨ |
| ١٩٦٣ | ١٤٩,٠٢٥,٠٠٠ | | | ٧,١٠٤,٠٠٠ | | | ٤,٧ | ٩٢٧ |
| ١٩٦٤ | ١٧٦,٩٩٥,٠٠٠ | | | ٧,٣٣٨,٠٠٠ | | | ٤,١ | ٩٣٣ |
| ١٩٦٥ | ١٨٧,٥٣٤,٠٠٠ | | | ٨,٦٠٦,٠٠٠ | | | ٤,٥ | ١٠٦٢ |
| ١٩٦٦ | ١٩٢,٤٢٧,٠٠٠ | | | ٩,٠٣٩,٠٠٠ | | | ٤,٦ | ١٠٨١ |
| ١٩٦٧ | ٢٠٥,٥٠٦,٠٠٠ | | | ١٢,٤٩٠,٠٠٠ | | | ٦,٠ | ١٤٤٨ |
| ١٩٦٨ | ٢٤١,٩٣٨,٠٠٠ | | | ١٠,٦١٥,٠٠٠ | | | ٤,٤ | ١٢٠٦ |

ئەوەی جێگە ئاماژە پێکردنە ئەو بودجەیەی بۆ کەرتی تەندروستی تەرخان کراوە، بریتی یە لە (مووچەی پزیشک و کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی، لەگەڵ خەرجییە دارایی و پێداویستییەکانی دیکەش) کە ڕێژەی مووچە بەرزترە لە ڕێژەی تەرخانکراو بۆ پرۆژەکان. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٦٠ دا ڕێژەی مووچە بریتی بووە لە (٥٥,٩ ٪) ی ئەو بودجەیە و خەرجییەکانی دیکەش (٤٤,١٪) بووە، ئەو ڕێژەیەش لە ساڵی ١٩٦٨ بەرز بووەتەوە و ڕێژەی مووچە بریتی بووە لە (٦٧٪) هی هەموو بودجەی تەرخانکراو بۆ کەرتی تەندروستی (القرەغولی ٢٠١٤، جدول ١٣ ص ٧١). بێگومان ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەو کەرتە هەبووە لە ڕووی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان بەنەرێنی.

لە خشتەی ژمارە (١) دا بۆمان دەردەکەوێت کە لەدوای ساڵی ١٩٥٧ ەوە ئەو بودجەیەی تەرخان کراوە بۆ کەرتی تەندروستی وەکوو بڕی پارە ئەوا زیادی کردووە، بەڵام وەکوو ڕێژە ئەوا کەمی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیدانی حوکوومەتی عێراق بە کەرتەکانی دیکەی وەکوو (کەرتەکانی کشتوکاڵ، پیشەسازی لەگەڵ بازرگانی). چونکە زۆربەی دانیشتوانی عێراق لەو سێ کەرتە کاریان کردووە بەشێوەیەک ڕێژەی دەستی کاریان لە نێوان ساڵانی ١٩٤٧ – ١٩٥٧ بەم شێوەیە بووە: (ساڵی ١٩٤٧ ڕیژەی دەستی کار لە کەرتەکان بۆ کشتوکاڵی ٥٧٪، پیشەسازی ٧,٣٪، بازرگانی و خزمەتگوزاری گشتی ٣٥,٧٪) بووە، بەڵام دواتر لە (ساڵی ١٩٥٧ دا بەم شێوەیە بووە کشتوکاڵی ٥٣,٨٪، پیشەسازی ١٤,٧٪، بازرگانی و خزمەتگوزاری گشتی ٤٣,٥٪) (حسن ١٩٦٥، جدول ٧ ص ٦٧)، بە تایبەتی لەدوای دەرچوونی یاسای چاکسازی کشتوکاڵی ژمارە (٣٠) لە ساڵی ١٩٥٨ کە تایبەت بوو بەڕێکخستنەوەی زەوی و زار و پەرەپێدان بە کەرتی کشتوکاڵی لە عێراق (العطیة ١٩٦٥، ٧٠-٧٢). لەڕاستیدا گرنگیدانی حوکوومەت بەو کەرتانە سوودی بۆ کەرتی تەندروستیش هەبووە بۆ نموونە جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٥٨ هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی جووتیاران، کە بەشێکی زۆری جووتیار بێ زەوی بوون و بەر لەجێبەجیکردنی یاساکە نادادپەروەری زۆر هەبوو لە موڵکایەتی زەوی کشتواڵیدا لە عێراق بەشێوەیەک (٤٣,٣٣٧,٣٥٩) دۆنم زەوی لە لایەن (١٦٨,٣٤٦) کەسەوە خاوەندارێتی دەکرا، ئەمانەش پۆلێن کرابوون بۆ سێ جۆر بەم شێوەیە:

١. موڵکدارە بچووکەکان، ئەوانەی زەوییەکانیان کەمترە لە ١٠٠ دۆنم، ئەمانە بەڕێژەی ١٠,٥٪ بوون.

٢. موڵکدارە مام ناوەندەکان، ئەوانەی زەوییەکانیان لە نێوان ١٠٠ تاوەکوو ١٠٠٠ دۆنمە، ئەمانە بەڕێژەی ٣١,٥٪ بوون.

٣. موڵکدارە گەورەکان، ئەوانەی زەوییەکانیان لە ١٠٠٠ دۆنم، زیاترە ئەمانە بەڕێژەی ٦٨٪ بوون. (حسن ١٩٦٥، جدول ١٩ ص ١٤٩)

بەڵام دواتر بەهۆی یاسای چاکسازی کشتوکاڵییەوە تاوەکوو ساڵی ١٩٦٨، نزیکەی (٧) ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی کێشەی موڵکایەتیان یەکلایی کرایەوە و زیاتر لە (٣) ملیۆن دۆنمی دابەشکرا بەسەر نزیکەی (٥٧) هەزار خێزان. (السامرائي ١٩٧٧، ٦٤) لە لایەکی دیکەدا بەمەبەستی باشترکردنی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی و تەندروستی لەلای جووتیارەکاندا حوکوومەتی عێراق (دەستەی پەروەردەی بنەڕەتی – هيئة التربية الاساسية) ی دامەزراند و چەندان لقی کردەوە، کە ئامانج لەم دەستەیە باشکردنی بارودۆخی تەندروستی و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گوند و دێهاتەکان بوو، لە ڕێگای بەشە جیاوازەکانی ئەم دەستەیە بە تایبەتی هەردوو بەشی ڕێنمایی تەندروستی و ڕێنمایی کشتوکاڵی (الارشاد الصحي و الارشاد الزراعي) کە بەشی ڕابەری تەندروستی، گرنگی بە تەندروستی جووتیار و چارەسەرکردنی نەخۆشییە نیشتەنییەکانی وەکوو بەلهارزیا و ئەنکلستۆما دەدات، جگە لە گرنگیدان بە ژنانی دووگیان و منداڵان. (درويش ١٩٦٠، ٤٨٢)

ئەوەی پێوەندی بە کەرتی پیشەسازییەوە هەیە، پێشتر پرۆژەکانی ئەم کەرتە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە، لە ئامارەکانی سالانی ١٩٣٩ – ١٩٤٩ دا لە (٧١) پرۆژەوە زیادیکردووە بۆ (١٤٩) پرۆژە، کە بریتی بوون لە پرۆژەکانی (جگەرە، تابوق، ئارد، رستن و چنین، خواردەمەنی کهولی، کبریت، سابوون، بۆن و جوانکاری، هەلاجی پەموو، پێستە خۆشکردن، چاپەمەنی، رۆنی رووەکی، کاغەز، شیرەمەنی، پێڵاو دروستکردن، چەمەنتۆ، گەچ، شوشە، دار... هتد)، کەچی هیچ جۆرە پرۆژەیەکی تایبەت بە کەرتی تەندروستی نەبووە وەکوو دەرمان دروستکردن (حسن ١٩٦٥، جدول رقم ٣٠ ص ٣٦٩). بەڵام گرنگیدان حوکوومەت بەو کەرتە هۆکارێک بوو بۆ دامەزراندنی وەزارەتی پیشەسازی لە ساڵی ١٩٥٩ دا و دەرکردنی یاسای پەرەپێدانی پیشەسازی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ١٩٦١ کە بووە هۆی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی پەرەپێدانی پیشەسازی (السامرائي ١٩٧٧، ٩٩-١٠٠). جگەی لەوەی حوکوومەت هەر لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای ژمارە (١٣) ی ساڵی ١٩٥٨ دا کە ناسراوە بە یاسای خۆپارێزی کرێکاران، مەبەست لەو یاسایە پارێزگاریە لە کرێکاران لە کاتی کارکردندا و خاوەن کارگەی ناچار کردووە هەمووو پێداویستییەکانی پەیوەست بە خزمەتگوزرای تەندروستی لەو کارگەیەدا دابین بکات، جگە لە دابینکردنی شوێنی دەستشوشتن و خۆشوشتن و شوێنی گونجاو بۆ خواردن و چێشتخانە، لەگەڵ مەرجی بوونی پزیشک لەو کارگەیەی ژمارەی کرێکارانی زۆرن، هەروەها پێدانی خەرجییەکانی چارەسەرکردن (القرەغولي ٢٠١٤، ٢٥-٢٦). لەدوای ئەوەش چەندان یاسای دیکە دەرچووە هەر بۆ خزمەتکردنی کرێکاران لەوانە یاسای ژمارە (٨٢) ی ساڵی ١٩٥٨ (الوقائع العراقية العدد ٩٩، ١٩٥٨، ١-٢) لەم یاسایەدا جەخت لەسەر نەخۆشخانە تایبەتەکانیش دەکات و ماوەی کارکردن و پشووی کرێکار لەگەڵ، ئەوەشدا لە ماددەی ١٤ یەمی ئەم یاسایە خاوەن کار ناچار دەبێت تێچووی چارەسەری کرێکار لە ئەستۆ بگرێت کە لەکاتی کارکردندا برینداد دەبێت، دواتریش لە یاسای ژمارە (٨٤)ی ساڵی ١٩٥٨ خاوەن کارگەی ناچار کردووە بۆ ئەو کارگانەی ژمارەی کرێکاری لە (١٠٠) کرێکار زیاترە کە پێویستە بەشێکی لە بینای کارگەکە تەرخان بکات وەکوو نەخۆشخانە بەمەرجێک حوکوومەت ئەو نەخۆشخانەیە بەڕێوە ببات. (الوقائع العراقية، العدد ٩٩، ١٩٥٨، ٢)

لەلایەکی دیکەدا حوکوومەت بۆ ڕێکخستنەوەی ئابووریی عێراق، وەزارەتی پلاندانانی دامەزراند، کە ئەم وەزارەتە بەپێی یاسای ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٥٨ دامەزرا و ئەنجومەنی پلاندانانی دامەزراند کە پێک هاتبوو لە (سەرۆک وەزیران و ئەندامێتی وەزیرانی پلاندانان، دارایی، پیشەسازی، کاروباری شارەوانی لەگەڵ گەیاندن)، بۆ ساڵی ١٩٥٩ – ١٩٦٠ بودجەی (٣٩٣) ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکرا (س. السامرائي ١٩٧١، ٤٨-٥٠). دواتر لە ساڵی ١٩٦١ یاسای ژمارە (٧٠)ی تایبەت بە پلانی ئابووری پێنج ساڵەی (١٩٦١ – ١٩٦٥) دەرچوو، لەم پلانەدا پشکی کەرتی پیشەسازی ٣٠٪ی هەموو پلانەکە بوو کە پێشتر پشکی ئەم کەرتە تەنیا ١٠٪ بوو، دواتریش بەپێی یاسای ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٦٥ پلانی ئابووری پێنج ساڵەی (١٩٦٥ – ١٩٦٩) دانرا لێرەدا کەرتی پیشەسازی بە

پلەی یەکەم دەهات بەڕێژەی ٢٨٪ی هەموو پلانە ئابووریەکە (الدوري ٢٠٠٤، جدول رقم ٤/٣ ص ١٢٩). لەم پلانەدا گرنگیی بە هەردوو کەرتی تەندروستی و پەروەردە درا، بەڵام بەهۆی کەمی بودجە و کاریگەریی شەڕەکانی نێوان حوکوومەتی عێراق لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، بووەتە هۆی ئەوەی بودجە زیاتر بۆ بواری سەربازی تەرخان بکرێت، بۆیە پڕۆژەکانی تەندروستی و پەروەردە وەکوو خۆی جێبەجێ نەکران (السامرائي، ١٩٧١، ٤٨-٥٠).

لە ڕاستیدا پەرەپیدانی ئابووری لە دوای ساڵی ١٩٥٨ بە بەرنامە کراوە لە ڕێگای دەرچوونی یاسای تایبەتەوە، سیاسەتی حوکوومەت بۆ جێبەجیکردنی پەرەپێدانی ئابووری بە دوو قۆناغی سەرەکی جێبەجێکراوە، قۆناغی یەکەمی لە ساڵی ١٩٥٨ دەستی پێکردووە تاوەکوو ساڵی ١٩٦٣ کە بە قۆناغی سەپاندنی دەسەڵاتی حکومەت بەسەر کەرتی گشتی ناسراوە ئەویش لە ڕێگەی سەپاندنی باجەوە بووە، بۆ ئەم قۆناغە بە تایبەتی لە کەرتی پیشەسازییدا داهاتی ئەم کەرتە لە کۆی داهاتی گشتی عێراق زیادی کردووە. بۆ نموونە (ساڵی ١٩٥٣ کۆی داهاتی عێراق ٢٤٣ ملیۆن دینار بووە لەو داهاتە ١٨ ملیۆن دیناری پشکی کەرتی پیشەسازی بووە، بەڵام بۆ ساڵی ١٩٦٣ کۆی داهاتی عێراق بەرزبووەتەوە بۆ ٥٢٥ ملیۆن دینار و داهاتی کەرتی پیشەسازی بریتی بووە لە ٦٤ ملیۆن دینار) (السامرائي، ١٩٧١، ١٢-١٥). لە قۆناغی دووەمدا کە لە ساڵی ١٩٦٤ ەوە دەست پێ دەکات حوکوومەت بڕیاری ئەوەی داوە لەم قۆناغەدا هەنگاو بنێت بۆ پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی و خۆماڵیکردنی کۆمپانیا و کارگەکان، بۆیە لە ١٤ی تەمووزی ١٩٦٤ بڕیاری خۆماڵیکردنی هەموو بانک و کۆمپانیاکانی بیمەی (تەئمین) دەرکرد لەگەڵ خۆماڵیکردنی (٣٠) کۆمپانیای پیشەسازی و بازرگانی، هەروەها یاسای ژمارە (٩٨)ی ساڵی ١٩٦٤ی دەرکرد کە تایبەتە بە سەپاندنی دەسەڵاتی حوکوومەت بەسەر کەرت و کارگەکانی (بانک، کۆمپانیای بیمە، چیمەنتۆ، جگەرە) (السامرائي ١٩٧١، ١٥, ٥٢, ٥٥). لەگەڵ هەموو ئەمانەدا حوکوومەت هەر لە ساڵی ١٩٦٤ دا (٢) یاسای گرنگی دەرکرد کە یەکەمیان بریتی بوو لە یاسای ژمارە (١٠١)ی ساڵی ١٩٦٤، لەم یاسایەدا بڕیاری خەرجکردنی بڕێک لە قازانجی کۆمپانیاکان بوو بۆ کرێکاران و تەرخانکردنی (١٠٪)ی ئەو قازانجە بۆ خزمەتگوزرای کۆمەڵایەتی و تەندروستی کرێکاران و (٥٪)ی ئەو قازانجە بۆ پڕۆژەکانی نیشتەجێبوونی کرێکاران، بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو کەوایکرد ژمارەی کرێکاران لەو کارگە و کۆمپانیانەی لە لایەن حوکوومەتەوە بەڕێوەئەبرا زیاد بکات. بۆ نموونە ساڵی ١٩٦٦ ژمارەی کرێکاران (١٤,٩٥٢) بووە و بۆ ساڵی ١٩٦٨ ئەو ژمارەیە بەرز بووەتەوە بۆ (١٦,٧٠٢) کرێکار. یاسای دووەمی یاسای ژمارە (٩٩)ی ساڵی ١٩٦٤ بوو، کە بڕیاری دامەزراندنی کارگەی پەمووی پزیشکی درا بۆ بەرهەمهێنانی پەمووی پزیشکی و لەفاف و شاشی پزیشکی بەسەرمایەی (٢٥٠,٠٠٠) دینار، کە ڕێژەی بەرهەمەکانی (٣٤٪) پەمووی پزیشکی بوو، (٦٩,٦٪) لەفافی پزیشکی، (٣,٢٪) شاشی پزیشکی بووە، ئەم هەنگاوانەی حوکوومەت وایکردووە جگە لە زۆربوونی ژمارەی کرێکار لەو کارگانە ئەوا سەرمایەی ئەو کارگانەش زیادی کردووە. بۆ نموونە لە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لە سلێمانی کە ساڵی ١٩٥٦ دامەزراوە ئەوا سەرمایەی تاوەکوو ١٩٦٧/٣/٣١ زیادی کردووە بۆ (٢٩) ملیۆن دینار و ژمارەی کرێکارانی گەیشتووەتە (٣٨٧) کرێکار، کارگەی جگەرەی سلێمانی کە ساڵی ١٩٦١ - ١٩٦٢ دامەزراوە سەرمایەکەی تاەکو ١٩٦٧/٣/٣١ گەیشتووەتە (٨٩٩,٨٨٦) دینار و ژمارەی کرێکارانی گەیشتووەتە (٦٦٠) کرێکار (السامرائي، ١٩٧١، ٧٦, ٩٣, ٩٦, ١٠١, ٢٠٨).

سەبارەت بە کەرتی بازرگانی و کاریگەرییەکانی ئەم کەرتە بەسەر تەندروستییەوە، پێشتر لە سەردەمی پاشایەتیدا تاوەکوو شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بازرگانی عێراق زیاتر لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا بووە کە ڕێژەکەی بریتی بووە لە: بەریتانیا ٣١,٣٤٥٪، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٥,٠٨٪، ئەڵمانیا ٧,٦٣٪، ئیتاڵیا ٣,٣٧٪، فەرەنسا ٣,٠٩٪... هتد. (حسن ١٩٦٥، جدول ٣٦ ص ٢٥٧). بەڵام دواتر حوکوومەت هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی ئاراستەی بازرگانی خۆی بگۆڕێت لەگەڵ وڵاتانی سۆشیالیستی و وڵاتانی عەرەبی ئەو بازرگانییە بەهێزبکات، بۆیە چەندان ڕێککەوتنامەی بازرگانی ئەنجامدا نموونەی ئەو ڕێککەوتنامانە ئەوەی ١٦ی ئازاری ١٩٥٩ لەگەڵ یەکیتی سۆڤێت کە تایبەت بە دامەزراندنی نزیکەی (٢٥) پڕۆژە لە عێراق لە بوارە جیاوازەکانی وەکوو کارگەکانی (ئاسن و پۆڵا، پەینی کیمیاوی، پوختەکردنی کبریت، کەرەستەی کارەبایی، شوشە، سوف، پەموو، لەقوتونان، دەرمان، دروومان لەگەڵ ئامێری کشتوکاڵی) (الدوري ٢٠٠٤، ٩٧).

ڕێککەوتنامەی ساڵانی ١٩٦١ و ١٩٦٧ لەگەڵ سوریا، ڕێککەوتنامەی ساڵی ١٩٦٥ لەگەڵ ئوردن و کوێت و لوبنان، ڕێککەوتنامەی ٢٨ی ئابی ١٩٦٧ لەگەڵ میسر، لەگەڵ چەندان ڕێککەوتنامەی دیکە کە عێراق لەگەڵ وڵاتان بەستیویەتی، هەموو ئەم ڕێککەوتنامانە بوونە هۆی زیادکردنی جموجۆڵی بازرگانی لە نێوان عێراق و وڵاتانی جیهان، بۆیە لە ئاماری ساڵی ١٩٦٨ دا ئاستی بازرگانی و هاوردەکردنی دەرمان و کەرەستەی دیکەی پزیشکی لەگەڵ وڵاتانی جیهان بەم شێوەیە بووە: (لەگەڵ وڵاتی ژاپۆن بە بڕی (١٠,٣٧٢) دینار، لەگەڵ وڵاتی بەریتانیا بە بڕی (٥٥٢,٤٦٤) دینار، یەکیتی سۆڤێت بە بڕی (٧٣,٧٢٤) دینار، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بە بڕی (٢٤٦,١٢٤) دینار، ئیتاڵیا بە بڕی (٣٧٩,٦٣٤) دینار، فەرەنسا بە بڕی (٥٦,٠٤٤) دینار، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بڕی (٣٦٠,٤٣٦) دینار، میسر بە بڕی (٣٥٣,٧٧٨) دینار، لوبنان بە بڕی (١٩,٩٠٣) دینار، چیکسلۆڤاکیا بە بڕی (٤٤,٧٤٠) دینار) (التخطيط، ١٩٦٩، جدول ١٥ ص ٢٢٠-٢٣٨). بەم جۆرە دەردەکەوێت حوکوومەتی عێراق سەرچاوەکانی بازرگانی فرە چەشن بووە و پێوەندی بازرگانی لەگەڵ هەردوو بەرەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات هەبووە، هەروەها پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی باش بووە، کە ئەمەش گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و گەیشتن بە سەربەخۆیی ئابووری لەو سەردەمەدا.

### ٣,٢. ڕێککەوتننامەی دوو قۆڵی و نێودەوڵەتی تایبەت بە کەرتی تەندروستی:

لەڕاستیدا هەنگاوەکانی حوکوومەتی عێراق لە بواری تەندروستیدا تەنیا تایبەت نەبووە بە سیاسەتی ناوخۆیی عێراق، بەڵکوو حوکوومەت لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی و دام و دەزگا تەندروستییەکانەوە، لە چەندان ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بەشداربووە بەمەبەستی بنبڕکردنی نەخۆشییەکان و دروستکردنی هەماهەنگی نێودەوڵەتی لەو پێناوەدا، نموونەی ئەو ڕێککەوتنامانە (العلوجي، ١٩٦٧، ١١٣-١١٤):

١. ڕێککەوتنامەی مۆنتریال کە بەیاسای ژمارە (٣٢)ی ساڵی ١٩٥٠ ناسراوە، تایبەت بە پشکنینی تەندروستی بۆ نەوجەوانان.

٢. ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی لەگەڵ دامەزراوەی تەندروستی نێودەوڵەتی بۆ هاوکاری هونەری، کە بەیاسای ژمارە (٢٨)ی ساڵی ١٩٥٥ ناسراوە.

٣. یاسای تەصدیق کردنی بڕیارە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان کە بەیاسای ژمارە (٢٩)ی ساڵی ١٩٥٥ ناسراوە.

٤. ڕێککەوتنامەی مادە هۆشبەرەکان لە نیویۆرک کە بەیاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ١٩٦٢ ناسراوە.

٥. ڕێککەوتنامەی کاری نێودەوڵەتی بۆ پشکنینی نەوجەوانان، کە ناسراوە بەیاسای ژمارە (١٧٧)ی ساڵی ١٩٦٥، ئەمانە لەگەڵ چەندان ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی کە سوودی بۆ کەرتی تەندروستی عێراق هەبووە بەگشتی.

جگە لەو ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتیانەش لە چەندان ڕێککەوتنامەی دوو قۆڵی لەگەڵ وڵاتان ئەنجامیداوە لەوانە:

أ: ڕێککەوتنامەی هاوکاری ڕۆشنبیری لە نێوان عێراق و کۆریا کە یاسای ژمارە (١٨٦) (ج. الوقائع العراقية، العدد ٢٨٢، ١٩٥٩، ٣-٤)ی ساڵی ١٩٥٩ بۆ دەرچووە، لەم ڕێککەوتنامەیەدا لەماددەی دووەم ئاماژە بەهاوکاری لە نێوان کۆلێژی پزیشکی هەردوو وڵات و لەماددەی هەشتەم جەخت لەسەر هاوکاری لە نێوان دامەزراوە تەندروستی و پەروەردەیی و زانستی ییەکانی هەردووولا دەکاتەوە.

ب: ڕێککەوتنامەی بازرگانی لە نێوان عێراق و تونس کە یاسای ژمارە (١٧٧)ی ساڵی ١٩٦٤ی بۆ دەرچوو، لە نێو ئەو بازرگانییەدا دەرمان و پێداویستی تەندروستیشی تێدابووە.

ج: ڕێککەوتنامەی بازرگانی نێوان عێراق و چین، یاسای ژمارە (١٨١) (الوقائع العراقية، العدد ١٠٤٩، ١٩٦٤، ١, ٦, ٧)ی ساڵی ١٩٦٤ی بۆ دەرچووە، لە ریزبەندی (١٠) یەمدا ئاماژە بە دەرمان کراوە کە لە چینەوە بۆ عێراق هەناردە دەکرێت، ئەمە لەگەڵ چەندان ڕێککەوتنامەی تردا کە حوکوومەتی عێراق ئەنجامیداوە و سوودی بۆ کەرتی تەندروستی هەبووە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەنگاوانەشدا حوکوومەتی عێراق هەوڵی ئەوەی داوە کەسانی شارەزا لە بواری تەندروستی بکرێن بە وەزیری لەو وەزارەتە گرنگە، بۆیە لەخشتەی ژمارە (٢) دا ئاماژە بە ناوی ئەو وەزیرانە دەکەین لە ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٦٨ وەزیری تەندروستی عێراق بوونە.

خشتەی ژمارە (٢) (الدراسات، ٢٠٠٧، ١٧٥-٢٦٦)؛ (الجراح، ٢٠١٨، ملحق رقم ٢ ص ١٦٧)؛ (العلوجي ١٩٦٧، ١٦٤) ناوی ئەو وەزیرانەی لە ساڵانی ١٩٥٧ – ١٩٦٨ وەزیری تەندروستی عێراق بوونە:

| ز | ناوی وەزیری تەندروستی | ماوی کارکردنی لەو پۆستە | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| | | لە | بۆ | |
| ١ | علی ئەلشەرقی | ١٩٥٧/ ٦/٢٠ | ١٩٥٧/١٢/١٤ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ٢ | مەحمود بابان | ١٩٥٧/١٢/١٥ | ١٩٥٨/٣ /٢ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ٣ | عەبدولئەمیر عەلاوی [١] | ١٩٥٨/ ٣/٣ | ١٩٥٨/ ٧/١٤ | ٢ جار بووەتە وەزیر |
| ٤ | محەمەد صالح مەحمود [٢] | ١٩٥٨/ ٧ /١٤ | ١٩٥٩ / ٢/٨ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ٥ | محەمەدعەبدولمەلیک ئەلشەواف[٣] | ١٩٥٩ / ٢ / ٧ | ١٩٦٣ / ٢ / ٨ | ا جار بووەتە وەزیر |
| ٦ | عزەت مستەفا | ١٩٦٣ / ٢ / ٩ | ١٩٦٤/١١/١٤ | ٥ جار بووەتە وەزیر |
| ٧ | شامل ئەلسامەرائی [٤] | ١٩٦٤/١١/١٤ | ١٩٦٥/٩/٦ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ٨ | عەبدول لەتیف ئەلبەدری [٥] | ١٩٦٥/٩/٦ | ١٩٦٦/٨/٦ | ٣ جار بووەتە وەزیر |
| ٩ | فۆاد حەسەن غالی [٦] | ١٩٦٦/٨/٦ | ١٩٦٧/٥/١٠ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ١٠ | عەبدولکەریم هانی [٧] | ١٩٦٧/٥/١٠ | ١٩٦٧/٧/١٩ | ١ جار بەوەکالەت |
| ١١ | ئەحمەد شەماع [٨] | ١٩٦٧/٧/١٩ | ١٩٦٨/١/١٣ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ١٢ | جەمال ئەحمەد حەمدی | ١٩٦٨/١/١٤ | ١٩٦٨/٧/١٧ | ١ جار بووەتە وەزیر |
| ١٣ | عزەت مستەفا | ١٩٦٨/٧/١٧ | ١٩٦٨/٧/٣٠ | بەردەوام بوو تاوەکوو ١٩٧٦/٥/١٠ |

١. عەبدولئەمیر عەباس عەلاوی لە شاری کوت لە دایکبووە ساڵی ١٩١٢، دواتر خێزانەکەی بەمەبستی بازرگانی نیشتەجێی شاری بەغدا بوون، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە بەغدا تەواو کرووە دواتر لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە کۆلێجی پزیشکی وەرگیراوە، ساڵی ١٩٣٢ کۆلێجی پزیشکی تەواوکردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي ١٩٩٣، ١٠٥-١٠٨) ؛ (علاوي، ٢٠٢٠).

٢. محەمەد صالح مەحمود ئەلجبوری لە شاری کفری لە دایکبووە ساڵی ١٩١٢، خوێندنی سەرەتایی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، بەڵام خوێندنی دواناوەندی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٣٧ کۆلێجی پزیشکی تەواو کردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي، ١٩٩٣، ١٠٨)

٣. محەمەدعەبدولمەلیک ئەلشەواف لە شاری بەسرا لە دایکبوو ساڵی ١٩١٢، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٣٥ کۆلێجی پزیشکی زانکۆی ئال ئەلبەیتی تەواو کردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي ١٩٩٣، ١١٠-١١٣).

٤. شامل ئەلسامەرائی لە شاری سامەرا لە دایکبووە ساڵی ١٩٢١، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی لە شاری بەغدا تەواوکرووە، لەساڵی ١٩٥٢ کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی سوریای تەواوکردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە /
(الفكيكي ١٩٩٣، ١١٣).

٥. عەبدول لەتیف عەبدولوەهاب حەسەن ئەلبەدری لە شاری سامەرا لەدایک بووە ساڵی ١٩٢١، خوێندنی سەرەتایی لە سامەرا تەواو کردووە و دواناوەندی لە شاری بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٤ کۆلێجی پزیشکی لە بەغدا تەواو کردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي ١٩٨٩، ١٤٩).

٦. فوئاد حەسەن غالی رەشید ئیسماعیل لە شاری بەغدا لە دایکبووە یاڵی ١٩٢٦، باوکی فەرمانبەری بووە لە فەرمانگەی ئاودێری بەهۆی گواستنەوەی لە نێوان شارەکانی عێراقدا ئەوا فوئاد حەسەن خوێندنی سەرەتایی لە شارەکانی بەغدا و فەلوجە و بەعقوبە و خالص تەواو کردووە، بەڵام خوێندنی دواناوەندی هەر لە شاری بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٠ کۆلێجی پزیشکی لە بەغدا تەواو کردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي ١٩٨٩، ١٨٩).

٧. عەبدولکەریم هانی مەسعود لەشاری بەغدا لەدایك بووە ساڵی ١٩٢٨، بەهۆی ئەوەی باوکی فەرمانبەر بووە، بۆیە بەهۆی کارەکەیەوە بەردەوام لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکە گوازراوەتەوە، بۆیە خوێندنی سەرەتایی لە شارەکانی کەربەلا و بەغدا و دیوانیە و کوت و بەسرا خوێندووە، بەڵام دواناوەندی لە شاری ناصریە تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٣ کۆلێجی پزیشکی لە بەغدا تەواو کردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي ١٩٩٣، ١١٩).

٨. ئەحمەد شەماع لە شاری بەغدا لە دایك بووە ساڵی ١٩١٧، خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندی هەر لە شاری بەغدا تەواوکردووە، دواتر لە ساڵی ١٩٤٣ کۆلێجی پزیشکی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە / (الفكيكي ١٩٨٩، ٢٤٥).

سـەبارەت بـە خشـتەی ژمـارە (٢) لەمـاوی نێـوان ١٩٥٧/٦/٢٠ تاوەکوو ١٩٦٨/٧/٣٠ بەهـۆی هەلومەرجـی سیاسـی لـە عێراقـدا گۆڕانـکاری خێـرا کـراوە لـە حوکوومـەت و (١٧) کابینـەی وەزاری پێـک هێـنراوە (الدراسـات ٢٠٠٧، ١٧٧-٢٥٨). بـەڵام لـە بەشـێکی زۆری ئـەو کابینـە وەزاریانـەدا وەزیرانـی تەندروسـتی گۆڕانکاریـان بەسـەر نەهاتـووە نموونـەی ئەوانـەش (عەبدولئەمیـر عـەلاوی، عـزەت مسـتەفا، عەبـدول لەتیـف ئەلبـەدری) ئـەوەش دەگەڕێتـەوە بـۆ گرنگـی ئـەم کەرتـە کـە پێویسـتە کەسـی پسـپۆڕی بەڕێـوەی ببـات.

لـەوەی باسـکرا دەردەکەوێـت حوکوومـەت لـە چەنـدان لاوە هەوڵیـداوە عێـراق بەرەوپێـش ببـات لـە سـەرجەم بوارەکانـدا، بێگومـان کەرتـی تەندروسـتیش بـەدەر نەبـووە لـەم هەوڵانـە کـە هەنـگاوەکان خۆیـان لـە شـێوەی دەرکردنـی یاسـای تایبـەت بـۆ بـواری بازرگانـی دەرمـان و کەرەسـتەی تەندروسـتی و یاسـای خوێنـدن و پەرەپێدانـی کۆلێجـی پزیشـکی و پەیمانگـە تەندروسـتییەکان لەگـەڵ خـوول و ڕاهێنـان بـە کارمەندانـی تەندروسـتی بەمەبەسـتی ئامادەکردنـی خـاوەن پیشـە تەندروسـتییەکان و پڕکردنـەوەی نەخۆشـخانە و مەڵبەنـدە تەندروسـتییەکانی بـە خـاوەن دەسـتی کار لـە بـواری تەندروسـتیدا، دواتریـش تەرخانکردنـی بودجـەی پێویسـت بـۆ دروسـتکردنی بینـای نەخۆشـخانە و مەڵبەنـدە تەندروسـتییەکان، هەروەهـا بـۆ دامەزراندنـی پزیشـک و کارمەنـدی تەندروسـتی و ناردنـی قوتابـی بـۆ خوێنـدن لـە دەرەوەی وڵات کـە ئەمـە هەمـووی پێویسـتی بـە بودجەیەکـی باشـە و دەبێـت حوکوومـەت دابینـی بـکات، بۆیـە هەمـوو ئـەو هەنگاوانـە لـە سـوودی پرۆسـەی خزمەتگـوزاری تەندروسـتی بـووە لـەم وڵاتـە.

**١. ڕەوشـی دام و دەزگا تەندروسـتییەکانی سـلێمانی (١٩٥٧-١٩٦٨):**

**١،٣. ڕەوشـی تەندروسـتیی سـلێمانی بـە گوێـرەی ئامـاری سـاڵی ١٩٥٧:**

لەکۆتاییەکانـی دەسـەڵاتی پاشـایەتی لەعێـراق دۆخـی تەندروسـتی لـە ئاسـتیکی خراپـدا بـووە، لەگـەڵ ئەوەشـدا لیواکانـی (سـلێمانی، هەولێـر، عەمـارە، منتەفـک) لـە ئاسـتی خـوارەوەی خزمەتگوزارییەکانـی تەندروسـتی بوونـە بـە بـەراورد بـە لیواکانـی دیکـەی عێـراق و کەمتریـن بودجـە و کەمتریـن نەخۆشـخانە و پزیشـک و دەرمانیـان بەرکەوتـووە، ئەگـەر چـی کـەش و هـەوای سـلێمانی وایکـردووە ئـەم شـارە بەهـۆی سـەرمای زسـتان و گەرمـای هاویـن جۆرەهـا مێشـوولە و مێـرووی زیانبەخـش ببنـە هـۆی بـڵاو بوونـەوەی چەنـدان نەخۆشـی و پەتـا، بـەڵام دەزگا تەندروسـتییەکانی ئـەم شـارە وەکـوو پێویسـت توانـای ئەوەیـان نەبـووە نەخۆشـییەکان قەڵاچـۆ بکـەن. (دەلـۆ، ٢٠٢٢، ٢٩٣-٢٩٦)

ئـەوەی جێگـەی ئامـاژە پێکردنـە ئامـارە فەرمییەکانـی حوکوومەتـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٥٧، ئامـاژە بـە چەنـد ڕاسـتییەک دەکـەن کـە تایبەتـن بـە زانیـاری تەندروسـتی و ژمـارەی دانیشـتوان و چەنـدان زانیـاری سـوود بەخـش، بـۆ نموونـە لـە ڕێبـەری گشـتیی تۆمارکردنـی سـەرژمێریی سـاڵی ١٩٥٧دا لیـوای سـلێمانی پێکهاتـەی کارگێـڕی و ژمـارەی دانیشـتوانی بـەم شـێوەیە بـوو کـە لـە خشـتەی ژمـارە (٣) (الاجتماعیـة ١٩٥٧، ٥٩-٨٣) ؛ (الداخلیـة ١٩٥٨، الجـدول الرابـع، ٩ ). خراوەتـە ڕوو:

| ناوی قەزا | ناوی ناحیە | ژ. گوند | کۆی گشتی دانیشتوان گوندەکانی | کۆی دانیشتوانی قەزا | دانیشتوانی گوندەکان | دانیشتوانی سەنتەری شار و ناحیە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | سەنتەری سلێمانی | ٧٥ | ٩,٨٨٤ | ١١٠,١٧١ | ٥٨,٤٧١ | ٥١,٧٠٠ |
| | تانجەرۆ | ٧٠ | ١٣,٦٦٠ | | | |
| | قەرەداغ | ٧٤ | ١٠,٥٤٩ | | | |
| | سورداش | ٧٠ | ١٣,٠٣٦ | | | |
| | بازیان | ٤٣ | ١١,٠٩٨ | | | |
| هەڵەبجە | سەنتەری هەڵەبجە | ١٠٠ | ١٧,٣٥٧ | ٨١,٧٤٩ | ٦٧,٦٣٥ | ١٤,١١٤ |
| | شارەزوور | ٥٣ | ١١,٢٨٤ | | | |
| | وارماوا | ٤٨ | ٧,٠٨١ | | | |
| | خورماڵ | ٥١ | ١٥,٩٢٥ | | | |
| | پێنجوین | ١٠٢ | ٢٢,٨١٠ | | | |
| شارباژێڕ | سەنتەری شارباژێڕ | ٩٥ | ١٩,٩٧١ | ٤٢,٣٣٣ | ٣٨,٠٢٣ | ٤,٣١٠ |
| | ماوەت | ٤٦ | ٧,٠٢٣ | | | |
| | سروچک | ٥٩ | ٧,٨٨٣ | | | |
| | سیوەیل | ٦٧ | ١٥,٢١٥ | | | |
| پشدەر | قەڵا دزێ | ٨٤ | ٢١,٢٠٥ | ٣٤,٥٤٥ | ٩٤٩,28 | ٥,٥٩٦ |
| | مەرگە | ٥٤ | ١١,٥١٢ | | | |
| ڕانیە | سەنتەری ڕانییە | ٩٨ | ١٤,٥٣٣ | ٣٦,٠٩٧ | ٣٢,١٨٢ | ٣,٩١٥ |
| | چناران | ٣٢ | ٥,٣٦٦ | | | |
| | ناودەشت | ٨٠ | ٠٣١,9 | | | |
| کۆی گشتی قەزا/٥ | کۆی گشتی ناحیە / ١٩ | گوند ١٣٠١ | ٢٤٤,٤٢٣ کۆی دانیشتوان | ٣٠٤,٨٩٥ | ٢٢٥,٢٦٠ | ٧٩,٦٣٥ |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٣)دا دەردەکەوێت ئەوەیە، زۆرینەی دانیشتوانی لیوای سلێمانی دانیشتووی گوندەکان بوون بە ڕێژەیەکی زۆر کە (٧٤ ٪)ی دانیشتوانی پێک هێناوە، لە بەرانبەردا تەنیا (٢٦٪)ی دانیشتوان لە شار و سەنتەری قەزا و ناحیەکان بوون، ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان دەبێت کە دابینکردنیان لە لایەن حوکومەتەوە بۆ ئەو ناوچانە کارێکی ئاسان نییە، هەروەها ئەگەر ئاوڕێک لە خوێندەواری بدەینەوە ئەوا چەند ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی ڕێژەی خوێندەواری لە هەموو لیوای سلێمانیدا بریتی بووە لە (٩,٤٪) لە کۆی (٣٠٤,٨٩٥) کەسی دانیشتووی لیواکە تەنیا (٢٨,٦٨٩) (الداخلية ١٩٥٨، الجدول السابع ص ١٤) کەس خوێندەواری هەبووە، هەندێکیان دەرچووی قوتابخانە بوون، ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت کە نەخوێندەواری نەخۆشییەکی کوشندە بووە بۆ کورد لەو قۆناغەدا.

لەلایەکی دیکەدا ڕێبەری سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ چەند زانیارییەکی تر دەخاتە ڕوو کە هەموو ئەو زانیارییانە نیشانەی فەرامۆشکردنی کەرتی تەندروستی بووە

لـە شـاری سـلێمانی، حوکوومەتـی عێـراق لـەو سـەرژمێریەدا ئاماژە بـە بینـا و دامـەزراوە حوکوومییـەکان دەکات لـە لیـوای سـلێمانی کـە بـەم شـێوەیە بـووە (یـەک بینـای موتەسرفیەتـی لیـوا، ١٥ بینـای بەڕێوەبرایەتـی ناحیـە، ٢١ بینـای قوتابخانـە، ٣ بینـای تایبـەت بـە کشـتوکاڵ، ٢٢ بینـای تایبـەت بـە بنکـەی پۆلیـس، ١٩ بینـای شـارەوانی، ٣٠ مزگـەوت، ٢ قوتابخانـەی ئایینـی، ٣ تەکیـە لەگـەڵ ٢ بنکـەی تەندروسـتی (مسـتوصف) لـە سـەرگەڵو و شـیوەگڵ) (الاجتماعیـة ١٩٥٧، ٤٤٨, ٤٧٧, ٦٣١)، لەگـەڵ بوونـی (٤) نەخۆشـخانەی گشـتی کـە (٢٦٠) قەرەوێڵـەی تێدابـووە و (العلوجـي ١٩٦٧، ٢٣٢) (٢) نەخۆشـخانەی تایبەتـی (٣٢) قەرەوێڵەیـی و (٦٥) بنکـەی تەندروسـتی (مسـتوصف) کـە پۆلێـن کرابـوون بـۆ سـێ پلـە بـەم شـێوەیە (پلـە یەکـی ٥ دانـە، پلـە دووەی ٢١ دانـە، پلـە سـێی ٣٩ دانـە) بـووە، جگـە لـە بوونـی (٧) کلینکـەی دەرەکـی (عیـادەی خارجـی)، لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە سـاڵی ١٩٥٧ ژمـارەی پزیشـکانی شـاری سـلێمانی (١٦) پزیشـک بـوون (١١) یـان لـە دامەزراوەکانـی سـەر بـە وەزارەتـی تەندروسـتی کاریـان کـردووە و (٢) یـان لـە فەرمانگەکانـی دیکـەی حوکوومـەت کاریـان کـردووە و (٣) یـان لەنەخۆشـخانە تایبەتـەکان بوونـە. (الصحـة، ١٩٦٠، ٦٣, ٦٨, ٦٩, ٨٠).

ئـەو ئامارانـە لـە لایـەن حوکوومەتـەوە ئامـاژەی پێکـراوە کـە هەمـووی نیشـانەی خراپـی دۆخـی تەندروسـتییە لـە سـلێمانیدا، ئەگـەر سـەیری ژمـارەی پزیشـک بکەیـن تەنیـا (١٦) پزیشـک بـۆ (٣٠٤,٨٩٥) کـەس بەواتایـی هـەر (١٩,٠٠٠) کـەس تەنیـا (١) پزیشـکیان بەردەکەوێـت، جگـە لـەوەی ژمـارەی قەرەوێڵـەکان کـە بەهەمـوو لیـوای سـلێمانی تەنیـا (٢٩٢) قەرەوێڵـەی تێـدا بـووە لـە نەخۆشـخانەی گشـتی و نەخۆشـخانە تایبەتـەکان ئەمـەش بەواتـای یـەک قەرەوێڵـە دانـراوە بـۆ (١,٠٤٥) کـەس، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو (٦٥) بنکـە تەندروسـتییە (مسـتوصف) لـە لایـەن فەرمانبـەری تەندروسـتییەوە (برینپێـچ یـان موزەمیـد)ە وە بەڕێوەدەبـرا کـە پسـپۆڕیان هـی ئـەوە نەبـووە هەمـوو جـۆرە نەخۆشـییەک دەسـت نیشـان و چارەسـەر بکـەن.

**٢,٣. هەنگاوەکانـی حوکوومـەت بـۆ پەرەپێدانـی کەرتـی تەندروسـتی لـە شـاری سـلێمانی:**

ئـەو بارودۆخـە تایبـەت نەبـوو تەنیـا بەسـلێمانییەوە، بەڵکـوو زۆربـەی شـارەکانی عێـراق لـەڕووی تەندروسـتییەوە لـە دۆخێکـی خراپـدا بـوون، بۆیـە حوکوومـەت هەمیشـە لـە خەمـی ئـەوەدا بـوو بەسـەر ئـەو دۆخـە ناهەمـوارە سـەربکەوێت ئەمـەش وایکـرد حوکوومـەت بڕیـاری دا بودجـەی وەزارەتـی تەندروسـتی لـە بودجـەی گشـتی عێـراق زیـاد بـکات بەمەبەسـتی دروسـتکردنی نەخۆشـخانە و بنکـەی تەندروسـتی لـە سەرانسـەری عێـراق بـە شـاری سلێمانیشـەوە، هەروەهـا تەرخانکردنـی بودجـەی تایبـەت بـۆ قەڵاچۆکردنـی نەخۆشـییەکان و دابینکردنـی کوتـان دژ بـەو نەخۆشـییانە بـۆ زۆربـەی دانیشـتوانی عێـراق. (العبـادی، ٢٠١٩، ٩٥)

بـۆ جێبەجیکردنـی گۆڕانـکاری حوکوومـەت چەنـدان هەنـگاوی نـا کـە بەشـێک لـەو هەنگاوانـە شـاری سلێمانیشـی گرتـەوە، یەکـەم هەنگاوەکانـت بریتـی بـوو لـە زیادکردنـی ژمـارەی خوێنکارانـی کۆلێجـی پزیشـکی بەغـدا بـۆ (٣٥٠) خوێنـدکار لـە سـاڵی نوێـی خوێندنـی ١٩٥٩ - ١٩٦٠، هەروەهـا کردنـەوی کۆلێجـی پزیشـکی لـە زانکـۆی مووسـڵ کـە ئەویـش (٢٠٠) خوێنـکاری بـۆ دیـاری کرابـوو، جگـە لـەوەی ڕێـژەی وەرگرتنـی کچانـی لـە کۆلێجـی پزیشـکی دیـاری کـرد بـە (٧٠٪)ی کـۆی خوێنـدکاری وەرگیـراو، جگـە لـەوەش بڕیـاردار بـە کردنـەوەی قوتابخانـەی پەرسـتاری (تمریـض) لـە هەمـوو لیواکانـی عێـراق و کردنـەوەی خوولـی بریـن پێچـی (موزەمیـد) بـۆ (١٠٠) بریـن پێـچ و دابەشـکردنیان بەسـەر هەمـوو لیواکانـی عێـراق، لەگـەڵ ناردنـی پزیشـکان بـۆ یەکێتـی سـۆڤێت بەمەبەسـتی ڕاهێنانـی پزیشـکی. سـەبارەت بـە شـاری سـلێمانی ئـەوا حوکوومـەت بڕیـاری کردنـەوەی سـەنتەری تایبـەت بـە چاودێـری دایـکان و منـداڵان لەگـەڵ مسـتەوصەفی نەخۆشـییەکانی سـینگ و خانـەی تایبـەت بـە نۆخۆشـی سـیل کـە (٥٠٠ قەرەوێڵـە) لەخـۆ بگرێـت، هەروەهـا گرنگیدانـی حوکوومەتـی عێـراق بـە نەخۆشـییەکانی سـینگ بەگشـتی وسـیل بـە تایبەتـی هۆکارێـک بـوو بـۆ دەرکردنـی یاسـای ژمـارە (٤٣) ی سـاڵی ١٩٥٨ کـە لـەم یاسـایەدا یاسـای پێشـووتر بەژمـارە (٥٦)ی ساڵی ١٩٥٧ هەمـوار کرایـەوە و جەختـی لەسـەر پێدانـی خواردنـی تەندروسـت بـۆ

ئـەو نەخۆشـەکانی سـیل کـە لـە نەخۆشـخانەکانن (الوقائـع العراقیـە، العـدد ١٠٠، ١٩٥٨، ٢)، هەروەهـا پەرەپێدانـی پـڕۆژەی خـواردن لـە قوتابخانـەکان (التغذیـة المدرسـیة) ئـەم هەنگاوانـەی حوکومـەت پێویسـتی بـە بودجـە و کات بـوو (تمـوز، ١٩٥٩، ٢٩٨-٣٠٤)، بـەڵام لـە داهاتـوودا خزمەتـی باشـی بـە کەرتـی تەندروسـتی گەیانـد چـی لـە سـلێمانی یاخـود لـە شـارەکانی دیکـەی عێـراق.

هەنگاوەکانـی حوکومـەت لـە لیـوای سـلێمانی ڕەنگدانـەوەی هەبـووە، ئـەوە بوولـە سـاڵی ١٩٥٩ دا لـە نەخۆشـخانەی دوکان خانـەی (نەقاهـە – چاودێـری وردی تەندروسـتی) کرایـەوە کـە (١٠٠) قەرەوێڵـەی لـە خـۆ گرتبـوو، هەروەهـا قاوشـی نەخۆشـییەکانی سـینگ لـە نەخۆشـخانەی سـلێمانی کرایـەوە کـە پێشـتر نەخۆشـەکانی ئـەم شـارە دەبوایـە سـەردانی نەخۆشـخانەی سـینگ لـە کەرخـی شـاری بەغدایـان بکردایـە کـە ئەویـش سـاڵی ١٩٥٣ کراوەتـەوە، جگـە لـەوەش هـەر لـەو سـاڵەدا خانـەی پەرسـتاران (ممرضـات) (٤) ژوور و هۆڵێـک لـە نەخۆشـخانەی قـەڵادزێ کرایـەوە، هەروەهـا لـە پلانـی ئابـووری سـاڵی ١٩٦٠ی حوکوومەتـی عێـراق بودجـەی (٣٠٠,٠٠٠) دینـار تەرخانکـرا بـۆ دروسـتکردنی نەخۆشـخانەیەک لـە شـاری سـلێمانی لەگـەڵ تەرخانکردنـی بودجـەی دروسـتکردنی خانـەی (نەقاهـە - ئینعـاش - چاودێـری وردی تەندروسـتی) بـۆ نەخۆشـەکان لـە شـارەکەدا. (تمـوز، ١٩٦٠، ٢٩٠-٢٩١)

لەلایەکـی دیکـەوە سـاڵی ١٩٦١ چەنـدان دامـەزراوەی تەندروسـتی لـەم سـلیمانی دروسـتکران وەکـوو سـەنتەر و نەخۆشـخانەی چاودێریـی دایـکان و منـداڵان بـە بودجـەی زیاتـر لـە ١٣ هـەزار دینـار، بنکـە تەندروسـتییەکانی (دەربەندیخـان، سـەرچنار، بەلخـە، هـاوار، کەندەکـەو، زاراوە، بازیـان) (العلوجي، ١٩٦٧، ٢١٣, ٢١٤, ٢١٨, ٢٢٤, ٢٤٨). لەگـەڵ تەرخانکردنی ئامێرێکی نوێـی تیشـک بـۆ نەخۆشـخانەی سـلێمانی و کردنـەوەی چەنـد بنکەیەکـی تەندروسـتی (مسـتەوصەف) لـە وانـەی لـە پلـەی دووهەمـدان کـە فەرمانبەرێکـی تەندروستی بەڕێـوەی دەبـات، لەوانـە بنکـە تەندروسـتییەکانی: (دوکان، خەلـەکان، سـەروچاوە، سـوڵتانە دێ، سەنگەسـەر، سەرسـیان، چوارقورنـە)، لەگـەڵ ئەوەشـدا بڕیـار درابـوو بـە زوویـی ئـەم بینایانـە بـۆ تەندروسـتیی سـلێمانی تـەواو بکرێـت (سـەنتەری چاودێـری دایـکان و منـداڵان، مسـتەوصەفی نەخۆشـییەکانی سـینگ، کـۆگای سـەرەکی دەرمـان لـە سـەرۆکایەتی تەندروسـتیی سـلێمانی)، هەروەهـا هۆبـەی خۆپارێـزی لەژێـر چاودێـری پزیشـکێکی منـداڵان و فەرمانبەرێکـی تەندروسـتی و یـەک پەرسـتیار بـۆ کوتانـی منـداڵان دژی نەخۆشـیەکانی (ئیفلیجـی، کۆکـە ڕەشـە، دەردە کۆپـان، وەنـاق، تیفۆئیـد لەگـەڵ ئاوڵـە). لەهەمـان سـاڵدا قاووشـێکی نـوێ بـۆ نەخۆشـییەکانی سـینگ کرایـەوە کـە (٣٣) قەرەوێڵـەی لـە خـۆ دەگـرت، لەگـەڵ دامەزراندنـی چەنـدان پزیشـک بـۆ سـلێمانی لـە پسـپۆڕە جیاوازەکانـی نەشـتەرگەری (الجراحـة) گشـتی و منـداڵان و هەنـاو و لـووت و قـورگ وگـوێ و پزیشـکی تایبـەت بە پسـپۆڕی چـاو و یەکێکـی دیکـە بـۆ تیشـکی سـینگ. لەلایەکـی دیکـەوە ڕەزامەنـدی وەرگیرابـوو بـۆ فراوانکردنـی نەخۆشـخانەی کۆمـاری سـلێمانی بەتەرخانکردنـی بـڕی (٢٦,٠٠٠) دینـار، لەپـاڵ ئـەو کارانـەی دەکـران بـۆ دروسـتکردنی بینـای نوێـی نەخۆشـخانەی کۆمـاری کـە بودجـەی تەرخانکـراو بـۆی لـە (٢٥٠,٠٠٠) دینـار کەمـتر نەبێـت. (تمـوز، ١٩٦١، ٣١٩-٣٢٤).

سـەبارەت بـە سـاڵی ١٩٦٢ ئـەوا چەنـدان خزمەتگـوزاری بـۆ کەرتـی تەندروسـتی لـە سـلێمانی دابینکـراوە، لەوانـە (دانانـی ئامێرێکـی نوێـی تیشـکگرتن بـۆ نەخۆشـخانەی سـلێمانی بەهێـزی ٢٠٠-٣٠٠ ئەمپێـر)، تەواوکردنـی بنکـەی قەڵاچۆکردنـی نەخۆشـییەکانی سـینگ – بنکـەی تەندروسـتیی نەخۆشـییەکانی سـینگ، کردنـەوەی خوولـی ڕاهێنـەران بـۆ میوانـە تەندروسـتییەکان (الزائـرات الصحیـات) کـە ژمارەکەیـان لـە سـاڵی ١٩٦١ (١٣) خوێنـدکار بـووە و مـاوەی ڕاهێنانیـان (١٨) مانـگ بـووە، کـە لـە مـاوەی ڕاهێنانـدا سـەردانی ماڵـە هـەژارەکان دەکـەن و ئامۆژگاریـی تەندروسـتی پێویسـت بـەو خێزانـە هەژارانـە دەدەن، جگـە لـە کردنـەوەی دوو خـوول بـۆ پەرسـتاران لـە نەخۆشـخانەی سـلێمانی کـە ماوەکـەی یـەک سـاڵ بـووە، لـەم خولانـەدا لـە سـاڵی ١٩٦١ دا (٤٣) خوێنـدکار ڕاهێنانیـان تـەواو کـردووە و بـۆ سـاڵی ١٩٦٢ (٢٥) خوێنـدکار لـەو ڕاهێنانـە بـەردەوام بـوون، لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا سـەنتەری چاودێـری دایـکان و منـداڵان لـە سـلێمانی بـەردەوام بـوو لـە پشـکنینی دایـکان لـە سـەرەتایی دووگیانـی تاوەکـوو منـداڵ بـوون و پێشکەشـکردنی ئامـۆژگاری تەندروسـتی بـۆ ئـەو

ژنانەی سەردانی سەنتەرەکەیان کردووە، دواتریش لەگەڵ لە دایکبوونی منداڵ ئەوا پشکنینی تەندروستی بۆ ئەنجام دراوە تاوەکوو تەمەنی (٦) ساڵی و لەو ماوەیەدا ئەوەی پێویست بێت لە چارەسەری و کوتان و ڤیتامین پێشکەش بەو منداڵە کراوە لەگەڵ پێدانی شیری وشک. (تموز، ١٩٦٢، ٣٥٢ - ٣٩٤).

**١،٣. کاریگەریی چاکسازییەکانی حوکوومەتی عێراق لەسەر خزمەتگوزاریی تەندروستی لە شاری سلێمانی:**

ئەم هەنگاوانەی کە نراون لە بواری تەندروستییدا هۆکارێک بوون بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی کارمەندانی تەندروستی و بنکە و دامەزراوە تەندروستییەکان، بۆیە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٩ – ١٩٦٢ ئەوا ئامارەکان وای دەردەخەن ئەم کەرتە نەک تەنیا لە سلێمانی بەڵکوو لە شارەکانی دیکەی عێراقیش بەرەوپێش چووە، بۆیە چەند زانیارییەک دەخەینە ڕوو بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەنگاوانە کە نراون لە خشتەی ژمارە (٤) دا (العلوجي، ١٩٦٧، ٢٧٧-٢٨٣) ؛ (التخطيط، ١٩٦٠، جدول ٢٥٨ ص ٣٣٠) ؛ (التخطيط، ١٩٦٢، جدول ٢٣٨ ص ٢٢٧) ؛ (التخطيط، ١٩٦٨، جدول ٢٢٣ ص ٣٢٠) ئاماژە بەگەشەکردنی ژمارەی کارمەندانی کەرتی تەندروستی دەکەین لە شاری سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩ – ١٩٦٨:

| ز | کارمەندی تەندروستی | ژمارەیان لە ساڵی ١٩٥٩ | ژمارەیان لە ساڵی ١٩٦٢ | ژمارەیان لە ساڵی ١٩٦٨ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پزیشک | ٢٣ | ٣٦ | ٤٣ |
| ٢ | پزیشکی ددان | ١ | ٦ | ٥ |
| ٣ | دەرمانساز | ٥ | ٥ | ٣ |
| ٤ | یاریدەدەری دەرمانساز | سفر | ٣ | ٦ |
| ٥ | پەرستار (ممرضة) | ٢٣ | ٢٧ | ٣٦ |
| ٦ | فەرمانبەری تەندروستی | ٢٣ | ٣٢ | ٣٤ |
| ٧ | برین پێچ (مضمد) | ٣٦ | ٨٢ | ١٥٧ |
| ٨ | وێنەگری تیشک | ٢ | ٧ | ٥ |
| ٩ | چاودێری تەندروستی | ٤ | ١٢ | ٨ |
| ١٠ | دانساز | ٥ | ٤ | / |
| ١١ | یاریدەدەری تاقیگە | ١ | ١٠ | ٧ |
| ١٢ | مامان | ٢١ | ٢٠ | ١ |

ئەوەی لە خشتەی ژمارە (٤)دا دەردەکەوێت زۆربوونی ژمارەی کارمەندانی تەندروستی بووە لە شاری سلێمانی، بەڵام چەند هۆکارێک هەبووە وایکردووە هەموو دانیشتوانی ئەم شارە نەتوانن سوود لە خزمەتگوزاری تەندروستی وەربگرن، لەوانە گرانی نرخی مانەوە لە نەخۆشخانە، کە ئەو سەردەمە مانەوەی (یەک) شەو لە نەخۆشخانەی حوکوومی (٣٠٠) فلس تەنیا کرێی قەرەوێڵەکە بووە، جگە لە کرێی چاودێریی پزیشکی کە ئەویش لە نێوان (٧٥٠ بۆ ١٥٠٠) فلس بووە، هەروەها تێچووی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکانی حوکوومەت لە نێوان (٥ بۆ ١٠) دینار بووە. (العلوجي، ١٩٦٧، ٢٦١) ئەم نرخانە بێگومان بۆ خەڵکی نەدار زۆر بووە لەو کاتەدا، ئەمە جگە لە کرێی گواستنەوە لە نێوان شوێنی نیشتەجێبوونی نەخۆش و نەخۆشخانەکە لەگەڵ تێچووی ئەوانەی لەگەڵ نەخۆش ماونەتەوە، لەلایەکی دیکەوە سروشتی کۆمەڵایەتی سلێمانی کە زۆرینەی دانیشتوانی ئەو سەردەمە نیشتەجێی گوندەکان بوون و بژێویان زیاتر لەسەر کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات بوو، لە سەنتەری قەزای سلێمانی کە کۆی دانیشتوانی (١١٠،١٧١) کەس بووە لەوانە (٥٨،٤٧١) یان نیشتەجێی گوندەکان بوون بەواتایی (٥٣٪) یان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی مەڕ وماڵات بوونە، هەروەها ئەو ڕێژەیە لە سەر ئاستی لیوای سلێمانی بەرزتر بووە کە (٧٣،٨٨ ٪)ی دانیشتوانی ئەو لیوایە دانیشتووی گوندەکان بوون، بۆیە سروشتی خەڵکی گوندنشین ئەوەیە کەمتر بایەخ بە خوێندەواری دەدات و تەنیا ئەوەندە ڕێگە دەدات خوێندنی سەرەتایی تەواو بکات هەندێک جار تاوەکوو ناوەندی، بەڵام بۆ خوێندنی ئامادەیی کە ئەو سەردەمە دەبوایە منداڵی ڕەوانەی سەنتەری شار بکات و بۆ ئەو سوودبەخش نییە بەڵکوو زیانی زیاترە لە دابینکردنی شوێنی مانەوە و کرێی هاتوچۆ و خواردەمەنی، بۆیە ژمارەی ئەو خوێندکارانەی ئامادەییان تەواو دەکرد کەم بووە، ئەمەش وایکردووە کەمترین قوتابی لە کۆلێژەکانی پزیشکی وەربگیرێن. چونکە ئەو کۆلیجە جگە لەوەی نمرەی بەرزی دەویست ئەوا هەموو خانەوادەیەکیش توانای خەرجییەکانی کۆلێژی پزیشکی و شاری بەغدای نەبووە، نموونەی ئەمەش ساڵی ١٩٦١ لە هەموو لیوای سلێمانیدا تەنیا (٧) قوتابی لە کۆلێجی پزیشکی بەغدا وەرگیراون بەناوەکانی

(نەوزاد صالح رفعەت، سەرکەوت سەید کەریم، شەرەف ئەدین محێ دین، ئەنوەری حاجی عەلی کۆڵا، مستەفا شێخ کەریم، ژیان عەبدولڕەحمان، پەروین مەجید فەرەج) (رفعەت، ٢٠٢٢)، کە ئەو ساڵە زۆرترین ژمارەی قوتابی لە خەڵکی سلێمانی وەرگیرابوون لەچاو ساڵانی پێشووتر، بۆیە گرفتی نەداری و بەدەست هێنانی نمرەی بەرز کاریگەری کردبووە سەر ژمارەی ئەو قوتابیانەی لە کۆلێجی پزیشکی وەردەگیران، ئەمەش ژمارەی پزیشک لەم شارەدا کەم بوونە وتەنانەت خودی سەرۆکی تەندروستی پزیشک (جەمال ڕەشید)[٩] لە ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکاندا کاری پزیشکی لە پشکنین و نەشتەرگەری ئەنجام داوە کە ئەوسەردەمە خەڵکی لە ڕۆژنامەی ژیندا سوپاسیان کردووە و لەو ماوەیەدا ئاماژە بۆ ناوی چەند پزیشکێکی کەم کراوە وەکوو (د. کەمال عەبدوڵا ناجی، د. نەزیمە عەجۆ) (ژین، ١٢١٧، ٢)، دکتۆرە نەزیمە جگە لە کارکردنی لە نەخۆشخانەی سلێمانی ئەوا ئێوارانیش عیادەی خۆی هەبووە لە شەقامی کاوە (ژین، ١٣٢٠، ٢). لەڕاستیدا کاری سەرۆکی تەندروستی ئەوەندە ئاسان نەبووە کە وابێت زۆربەی کاتەکانی بۆ پشکنین و نەشتەرگەری تەرخان بکات، کە بەپێی یاسای ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٥٩ (ج. الوقائع، العدد ٢٧٥ ،١٩٥٩، ٣) کە تایبەت بوو بە مۆڵەتی نەخۆشی فەرمانبەرانی دەوڵەت دەبوایە خودی سەرۆکی تەندروستی لیواکان پشتڕاستکردنەوە (تصدیق) بۆ ڕاپۆرتی پزیشکی فەرمانبەرەکان بکات.

بۆ پڕکردنەی کەمیی پزیشک، ئەوا حوکوومەت پشتی بە چەندان پزیشکی بیانی بەستبوو لەوانەی کە لە شاری سلێمانیدا کاریان کردووە، پزیشکێکی لوبنانی سەرپەرشتی تەندروستی قوتابخانەکانی کردووە (ڕەشە، ٢٠٢٢)، هەروەها پزیشکی میسری بەناوی (مستەفا محەمەد لبیوبی) و پزیشکێکی ئەڵمانی بەناوی (تۆما) (ژین، ١٣١٩، ٢)، هەروەها پزیشک (کلاین) کە خەڵکی ئەڵمانیا بووە و ماوەی (٥) ساڵ لە سلێمانی کاری کردووە وەکوو پسپۆڕیی نەخۆشییەکانی سینگ و هەر لە شاری سلێمانیدا خۆی کوشتووە بە خواردنی (٤٧) حەبی نوستن. (ژین، ١٣٤٥، ٢). ئەوەی ئاماژەی پێکرا چەند نموونەیەک بوون لەسەر ئەو پزیشکە بیانیانەی ئەو سەردەمە لە شاری سلێمانیدا کاریان کردووە، بەمەبەستی پڕکردنەوەی کەمی ژمارەی پزیشک لە هەموو پسپۆڕییەکان نەوەک تەنیا لە شاری سلێمانی بەڵکوو لە هەموو لیواکانی عێراق بارودۆخەکە بەو شێوەیە بووە.

لە ڕاستیدا کەمی پزیشک لە عێراق لە هەندیک لایەنەوە پێوەندی بە خودی حوکوومەتەوە هەبووە، بۆ نموونە زۆری ماوەی خوێندن کە (٦) ساڵ تەنیا بۆ خوێندنی بەکالۆریۆس بوو، هەروەها یاسای (تەدەروجی پزیشکی) ئەویش دەبوایە دەرچووی کۆلێژی پزیشکی (١) ساڵ سەربازی بکرادیە کە فەرمانی کۆمارییان بۆ دەردەچوو کە پلەی مولازمی پزیشکی یەدەگ و مولازم پزیشکی دانی یەدەگ و مولازم دەرمانسازی یەدەگیان پێ دەبەخشرا (الوقائع العراقیە، العدد٦٢٢، ١٩٦١، ١)، دوای ئەوە (١) ساڵ وەکوو (موقیم - پزیشکی خولاو) لە نەخۆشخانەکان کار بکات، دوای ئەوەش (١) ساڵ لە گوند و شوێنە دوور دەستەکان کار بکات، دواتریش (١) ساڵ وەکوو (موقیم ئەقدەم) دوای ئەوە بۆ خوێندنی (بۆرد - پسپۆڕی) (٢) ساڵی دەخایاند واتا دوای (١٢) ساڵ ئەوسا پسپۆڕی وەردەگرت (الوقائع العراقیە، العدد٨٩٤، ١٩٦٣، ١-٢)، ئەمە وایکردووە نەوەک تەنیا سلێمانی بەڵکوو هەموو عێراق تاوەکوو ماوەیەکی زۆر هەموو پسپۆڕییەکانی تێدا نەبێت.

گرفتێکی دیکەی تەندروستی لە شاری سلێمانی بریتی بووە لە کەمی بینای نەخۆشخانە بە تایبەتی لە سەنتەری شار، تاوەکوو کۆتایی ساڵانی پەنجاکان تەنیا (١) نەخۆشخانە لە شاردا هەبووە کە بەنەخۆشخانەی (سەروو) ناسرابوو، بەڵام دواتر لە ساڵی ١٩٦٠ نەخۆشخانەی (خواروو) دامەزرا، لەپاڵ ئەو دوو نەخۆشخانەیەدا خەڵکی بە تایبەتی ئەوانەی توانای داراییان باش بوو سەردانی عیادی تایبەتی پزیشکانیان کردووە، لەوانە عیادەی پزیشکان (جەمال ڕەشید، کەمال عەبدوڵا ناجی، مەحمود عوسمان) (عوسمان، ٢٠١٢).

شایەنی باسە هەنگاوەکانی حوکوومەت بۆ گەیاندنی خزمەتگوزرایی تەندروستی بە هەموو ناوچەکانی لیوای سلێمانی بە گەڕەک و ناحیەکانیدا بەردەوام بووە و لەو چوارچێوەیەدا

---

٩. - دکتۆر جەمال ڕەشید لە دایکبووی ساڵی ١٩٢٢ ی شاری سلێمانیە، ساڵی ١٩٤٧ کۆلێجی پزیشکی بەغدای تەواو کردووە، کاری پزیشکی لە شارەکانی هەڵەبجە وسلێمانی و هەولێر کردووە دواتریش بۆ ماوەیەك بۆتە سەرۆکی تەندروستی سلێمانی، هەروەها لە ڕووداوەکانی ٩ ی حوزەیرانی ١٩٦٣ دەستگیر کراوە، لە شاری بەغدا کۆچیی دوایی کردووە لە ١٩٩٩/٥/٢٧. (بۆ زانیاریی زیاتر بروانە / (سلێمانی ٢٠٠٢، ٥٢).

حوکومەتی خۆجێی سلێمانی کە خۆی لە موتەسەڕیف و پارێزگارەکان دەبینییەوە، سیاسەتی گشتی عێراقیان پێڕەو کردووە لە بواری تەندروستی و لە ئەنجامدا ئەو سیاسەتە سوودی بۆ دانیشتوانی سلێمانی هەبووە هەندێک جار سوودەکەی لە مەودای نزیکدا بەرجەستە کراوە و هەندێک جاریش ئەو سوودە لە مەودای دوردا خۆی بەرجەستە کردووە، چونکە پلانی حوکوومەت لە سەرجەم بوارەکاندا پلانی کورت مەودا و درێژ مەودای هەیە، بۆیە لە خشتەی خوارەوەدا ئاماژە بە ناوی ئەو کەسایەتییانە دەکەین لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٧ - ١٩٦٨) موتەسەڕیف بوونە لە شارەکەدا.

ناوی موتەسەڕیفەکانی سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٥٧ – ١٩٦٨) لە خشتەی ژمارە (٥) (عەتار، ٢٠٠١، ٢٠) ؛ (ڕەشە، ٢٠٠١، ٤٣) ؛ (مەجید، ٢٠١٢، ٣١) ؛ (بابان، ٢٠١٢، ١٢٧-١٣٨) دەخەینە ڕوو:

| ناوی موتەسەڕیف | ماوی کارکردنی | | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | لە | بۆ | |
| عەبدولموتەلیب ئەمین ئەلهاشمی | ١٩٥٧/٥/١٧ | ١٩٥٨/٩/٤ | |
| هادی ڕەشید چاوشلی | ١٩٥٨/٩/٥ | ١٩٥٩/١/٢٠ | بە وەکالەت |
| عادل جەلال | ١٩٥٩/١/٢١ | ١٩٥٩/٨/١٣ | |
| عەبدولموتەلیب ئەمین ئەلهاشمی | ١٩٥٩/٨/٢٠ | ١٩٦٠/٥/٣ | |
| حامد ئەلئالوسی | ١٩٦٠/٥/٤ | ١٩٦٠/٦/١٠ | بە وەکالەت |
| باقر ئەلدوجەیلی | ١٩٦٠/٦/١١ | ١٩٦١/٥/١٣ | |
| حامد ئەلئالوسی | ١٩٦١/٥/١٤ | ١٩٦١/٨/٩ | بە وەکالەت |
| عەبدولهادی ساڵح | ١٩٦١/٨/١٠ | ١٩٦٣/٥/١٦ | |
| سامی ئەسعەد ئەلنائیب | ١٩٦٣/٥/١٦ | ١٩٦٣/٥/٢٥ | بە وەکالەت |
| باییز عەزیز دزەیی | ١٩٦٣/٥/٢٦ | ١٩٦٣/5/6 | بە وەکالەت |
| عەبدولرەزاق ئەلسەید مەحمود | ١٩٦٣/٦/٦ | ١٩٦٤/١٢/٧ | |
| محەمەد رەلشاد ئەلحەمامی[١٠] | ١٩٦٤/١٢/٧ | ١٩٦٥/١٠/١١ | |
| حەمید ئەلیاسری | ١٩٦٥/١٠/١١ | ١٩٦٥/١١/٥ | بە وەکالەت |
| جەمیل ئەلسعودی | ١٩٦٥/١١/٦ | ١٩٦٦/٤/٧ | |
| ئیبراهیم عاجل | ١٩٦٦/٤/٧ | ١٩٦٦/٥/١١ | بە وەکالەت |
| عامر ئەلحسک | ١٩٦٦/٥/١٢ | ١٩٦٦/١٠/٨ | |
| باییز عەزیز دزەیی | ١٩٦٦/١٠/١٥ | ١٩٦٨/٧/١ | |

١٠. ١٠- لە چەند سەرچاوەیەك ئەو ناوە بە محەمەد رەشاد ئەلمحامی هاتووە. (بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە/ (مەجید، ٢٠١٢، ٣١)

سـەبارەت بـە خشـتەی ژمـارە (٥)، ئـەوەی لـەو خشـتەیەدا بـەدی دەکرێـت کەمـی مـاوەی فەرمانڕەوایـی موتەسـەڕیفەکان بـووە کـە لەمـاوەی (١١) سـاڵدا (١٨) جـار ئـەو پۆسـتە ئاڵوگـۆڕی پـێ کـراوە، هەروەهـا (٨) جاریـان بەوەکالـەت ئـەو پۆستە بەڕێوەچـووە، جگـە لـەوەی لـە ناوەکانـدا دەردەکەوێـت بەشـێکیان خەڵکـی سـلێمانی نەبوونـە و لەشـارەکانی دیکـەی عێراقـدا هێـنراون و کـراون بـە موتەسـەڕیفی ئـەم شـارە کـە ناوەکانیـان بـۆ دانیشـتوانی سـلێمانی نامـۆن، لەوانـە (ئەلهاشـمی، چاوشـلی، ئالوسـی، دوجەیلـی، ئەلحەمامـی، ئەلیـاسری، ئەلسـعودی و... هتـد)، بێگومـان گۆڕانکارییـەکان زیاتـر پێوەنـدی بـە سیاسـەتی گشـتی حوکوومەتـی عێراقـەوە بـووە، هەروەهـا بارودۆخـی سیاسـی ئـەو سـەردەمەی لیـوای سـلێمانیش هۆکارێکـی دیکـەی گۆڕانکارییـەکان بـووە، دیـارە ئـەو هەمـوو گۆڕانکارییـە بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان کاریگـەری نەرێنـی هەبـووە لەسـەر دامودەزگاکانـی سـلێمانی بـە دامودەزگاکانـی تەندروستیشـەوە.

**٤. ئەنجام:**

بـە خوێندنـەوە بـۆ ئـەو ڕاسـتییە مێژووییانـەی کـە باسـکرا، ئەمانـە بەگشـتی بەرجەسـتە دەبێـت:-

یەکـەم: بەرپابوونـی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨ گۆڕانـکاری ڕیشـەیی هێنایـە کایـەوە لـە عێـراق، ئـەو گۆڕانکارییانـە کەرتـی تەندروستیشـی گرتـەوە، چونکـە سـەرانی شـۆڕش بـۆ سـەلماندنی خەمخۆریـان بـۆ گەلانـی عێـراق لـە هەوڵـی خزمەتکردنـی بـەردەوام بـوون، ساڵانە لـە یـادی شۆڕشـدا کار وچالاکییەکانـی ئـەو ساڵە بـە فەرمـی بڵاو دەکرایـەوە کـە ئامـاژەی بەکەرتـی تەندروسـتی و کەرتەکانـی دیکـەش کـراوە لەسـەر ئاسـتی عێـراق و لەسـەر ئاسـتی لیواکانـدا.

دووەم: لـە بودجـەی ساڵانەدا بایـەخ دراوە بـە کەرتـی تەندروسـتی و ئـەم بایەخـەش بوارەکانـی دامەزرانـد و دروسـتکردنی بینـای نەخۆشـخانە و بنکـەی تەندروسـتی و هێنانـی ئامێـری پزیشـکی و دەرمانـی گرتۆتـەوە. هەرچـی سـەبارەت بـە شـاری سلێمانییە ئـەو سـەردەمە بـە تایبەتـی لـە سـەرەتای ساڵانی شەسـتەکاندا چەنـدان بنکـەی تەندروسـتی لەسـەر ئاسـتی لیواکـە کراوەتـەوە و نەخۆشـخانەیەکی نـوێ لەنـاو شـاری سـلێمانی بونیـاد نـراوە، جگـە لـە دابینکردنـی ئامێـری نوێـی پزیشـکی.

سـێیەم: هەنگاوەکانـی حوکوومەتـی عێـراق ڕەنگدانـەوەی بەسـەر کەرتـی تەندروسـتی هەبـووە و لـەو ماوەیـەدا کەرتـی تەندروسـتی لـە سـلێمانی گەشـەی بەخۆیـەوە بینیـوە چ لەسـەر ئاسـتی ژمـارەی پزیشـک و کارمەندانـی تەندروسـتی چ لەسـەر ئاسـتی زۆربوونـی بینـای نەخۆشـخانە و مەڵبەندەکانـی تەندروسـتی، بـەڵام نەیتوانیـوە بـەو هەنگاوانـەی بنەمایەکـی تەندروسـتی بـاش بـۆ سـلێمانی فەراهـام بـکات

**٥. لیستی سەرچاوەکان:**


**١،٥.** بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق

**١،١،٥.** بەڵگەنامەکانی وەزارەتی داد:

١- العدلية، الحكومة العراقية وزارة، ١٩٥٣: مجموعة القوانين والانظمة لسنة ١٩٥٢، القسم الاول، مطبعة الحكومة، بغداد.

**٢،١،٥. بەڵگەنامەکانی وەزارەتی تەندروستی:**

١. الصحـة، الحكومـة العراقيـة وزارة، ١٩٥٥: مديريـة الاحصـاء الحيـاتي والصحـي، نـشرة الاحصـاء الصحـي والحيـاتي لسـنة ١٩٥٢، مطبعـة الحكومـة، بغـداد.
٢. الصحـة، الجمهوريـة العراقيـة وزارة، ١٩٦٠: مديريـة الاحصـاء الحيـاتي والصحـي، نـشرة الاحصـاء الحيـاتي والصحـي لسـنة ١٩٥٧، مطبعـة سـلمان الاعظمـي، بغـداد.
٣. الصحـة، الجمهوريـة العراقيـة وزارة، ١٩٥٩: مديريـة الارشـاد و التثقيـف الصحـي، الصحـة في العهـد الجمهـوري، سلسـلة الثقافـة الشـعبية ٦، مطبعـة الرابطـة، بغـداد.

**٣،١،٥. بەڵگەنامەکانی وەزارەتی پلاندانان:**

١. التخطيـط، الجمهوريـة العراقيـة وزارة، ١٩٦٠: دائـرة الاحصـاء المركزيـة، المجموعـة الاحصائيـة السـنوية العامـة ١٩٥٩، مطبعـة الزهـراء، بغـداد.
٢. التخطيـط، الجمهوريـة العراقيـة وزارة، ١٩٦٢: دائـرة الاحصـاء المركزيـة، قسـم الابحـاث والنـشر، المجموعـة الاحصائيـة السـنوية العامـة ١٩٦٢، مطبعـة الحكومـة، بغـداد.
٣. التخطيـط، الجمهوريـة العراقيـة وزارة، ١٩٦٩: الجهـاز المركـزي للاحصاء، العلاقات العامـة والنـشر، المجموعـة الاحصائيـة السـنوية ١٩٦٨، مطبعـة الزهـراء، بغـداد.

٤. التخطيط، الجمهورية العراقية وزارة، ١٩٦٩: الجهاز المركزي للاحصاء، احصاءات التجارة الخارجية لسنة ١٩٦٨، مطبعة الزهراء، بغداد.
٥. التخطيط، الجمهورية العراقية وزارة، ١٩٧٢: الجهاز المركزي للاحصاء، دائرة النشر والعلاقات العامة، المجموعة الاحصائية السنوية ١٩٧٢، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، وزارة التخطيط، بغداد.

**٤,١,٥. بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی:**

١. الاجتماعية،الحكومة العراقية وزارة الشؤون، ١٩٥٧: مديرية النفوس العامة – الدليل العام لتسجيل النفوس العام ١٩٥٧، مطبعة الحكومة، بغداد.

**٥,١,٥. بەڵگەنامەکانی وەزارەتی ناوخۆ:**

٢. الداخلية، الجمهورية العراقية وزارة، ١٩٥٨: مديرية النفوس العامة – المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧ لوائي السليمانية و كركوك، مطبعة العاني، بغداد.

**٢,٥. تویژینەوەی زانستی:**

**١,٢,٥. توێژینەوە بە زمانی کوردی:**

٣. محەمەد، ئازاد مەجید، ٢٠١٧: ڕەوشی تەندروستی کەرکوك لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ – ١٩٦٨ توێژینەوەیەکی مێژوویی – کۆمەڵایەتی یە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو. (ماستەر نامەی بڵاو نەکراوە).

**٢,٢,٥. توێژینەوە بەزمانی عەرەبی:**

١. رشيد، حيدر حميد، ٢٠٠٧: الاوضاع الصحية في العراق ١٩٤٥ – ١٩٥٨ دراسة تاريخية، جامعة بغداد، كلية التربية – ابن رشد، (اطروحة دكتوراه منشورة ).
٢. الجراح، نادية مسعود شريف، ٢٠١٨: الخدمات الصحية في الموصل ١٩٥٨ – ١٩٦٨، دراسة تاريخية، كلية الاداب، جامعة الموصل. (اطروحة دكتواره غير منشورة ).
٣. الصريفي، اشواق گاطع نخيل، ٢٠١٤: الواقع الصحي في لواء الناصرية ١٩٥٨ – ١٩٦٨، كلية التربية للعلوم الانسانية، جامعة ذي قار. (رسالة ماجستير غير منشورة ).
٤. الدوري، امجد خضير رحيم محمد، ٢٠٠٤: التطور الصناعي في العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٩ دراسة تاريخية، كلية التربية، جامعة تكريت. (رسالة ماجستير غير منشورة ).
٥. القرةغولي، رحمة علي موسى، ٢٠١٤: الاوضاع الصحية في العراق ١٩٥٨ – ١٩٧٠، كلية التربية، قسم التاريخ، جامعة واسط. (رسالة ماجستير غير منشورة ).
٦. العبادي، ضحى نجم عبد كشاش، ٢٠١٩: نقابة اطباء العراق ١٩٥٢ – ١٩٦٨ دراسة تاريخية، جامعة القادسية، كلية التربية، قسم التاريخ. (رسالة ماجستيرغير منشورة ).
٧. عمران، ناجي تركي حمزة، ٢٠١٢: وزارة الشؤون الاجتماعية ١٩٣٩ – ١٩٥٨ دراسة تاريخية، كلية التربية – ابن رشد، جامعة بغداد. (رسالة ماجستير غير منشورة ).

**٣,٥. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:**

**١,٣,٥. ڕۆژنامە بەزمانی کوردی:**

١. ژین، ڕۆژنامەی ژمارە (١٣١٩ ) .
٢. ژین، ڕۆژنامەی ژمارە (١٣٤٥ ) .

**٢,٣,٥. گۆڤار بە زمانی کوردی:**

١. عەتار، نوری کاکە حەمەی ئەمینی، ٢٠٠١: سلێمانی، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (٨ )، شوبات.
٢. ڕەشە، ئەکرەم مەحمود ساڵح، ٢٠٠١: پارێزگارەکانی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٦٣ ە وە تا ئێستا، گۆڤاری سلێمانی، ژمارە (١٠ )، نیسان .
٣. عوسمان، مەحمود، ٢٠١٢: مەحمود عوسمان باس لە مێژووی پزیشکی لە کوردستان دەکات، گۆڤاری تەندروستی پزیشك، ژمارە ٢٨ / کانوونی یەکەم.

**٣,٣,٥. ڕۆژنامە بە زمانی عەرەبی:**

١. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ٩٩ السنة الاولى، الاربعاء ٢٤ كانون الاول ١٩٥٨.
٢. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ١٠٠ السنة الاولى، الخميس ٢٥ كانون الاول ١٩٥٨.
٣. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ١٠١ السنة الاولى، الاحد ٢٨ كانون الاول ١٩٥٨.
٤. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ٢٨٢ السنة الثانية، الخميس ٣١ كانون الاول ١٩٥٩.
٥. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ٦٢٢ السنة الرابعة، الاربعاء ٢٧ كانون الاول ١٩٦١.
٦. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ٨٩٤ السنة السادسة، الاحد ٢٢ كانون الاول ١٩٦٣.
٧. الوقائع، جريدة الوقائع العراقية: العدد ١٠٤٩ السنة السابعة، الاحد ٢٠ كانون الاول ١٩٦٤.

**٤,٥. کتێب:**

**١،٤،٥. کتێب بە زمانی کوردی:**

١. بابـان، جەمـال، ٢٠١٢: سـلێمانی شـارە گەشـاوەکەم، بەرگـی چـوارەم، چاپـی دووەم، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر .

٢. دەلـۆ، حسـێن ئیسـماعیل خـان، ٢٠٢٢: ژیانـی کۆمەڵایەتـی لیـوای سـلێمانی لـە نێـوان ساڵانی ١٩٢١ – ١٩٥٨، چاپـی یەکـەم.

٣. مەجیـد، هـەوراز جەوهـەر، ٢٠١٢: شـاری سـلێمانی، ١٤ تەممـوز ١٩٥٨ – ١٧ تەممـوز ١٩٦٨، لێکۆڵینەوەیـەك لـە بارودۆخی سیاسـیی و رۆشـنبیری، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، هەولێـر.

**٢،٤،٥. کتێب بە زمانی عەرەبی:**

١. الفكيــكي، اديــب توفيــق، ١٩٨٩: تاريــخ اعــلام الطــب العراقــي الحديــث، الجــزء الاول، ط١، شركــة المنصــور للطباعــة، بغــداد.

٢. ٢- الفكيـكي، اديـب توفيـق، ١٩٩٣: تاريـخ اعـلام الطـب العراقـي الحديـث، الجـزء الثـاني، ط١، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد.

٣. عـلاوي، الدكتـور عبدالامـير، ٢٠٢٠: تجـارب و ذكريـات ١٩١٢-١٩٩٨، ط١، دار الحكمـة، لنـدن.

٤. الدراسـات، المركـز العراقـي للمعلومـات و، ٢٠٠٧: دليـل الـوزارات العراقيـة، قسـم الدراسـات والبحـوث، ط١، دار نـور الـشروق للطباعـة والنـشر، بغـداد.

٥. السـامرائي، سـعيد عبـود، ١٩٧٧: التطـور الاقتصـادي الحديـث في العـراق، ط١، مطبعـة القضـاء، النجـف.

٦. السـامرائي، سـعيد عبـود، ١٩٧١: القطـاع العـام في العـراق، ط١، مطبعـة الامـة، بغـداد.

٧. العطيـة، عبدالحسـين وادي، ١٩٦٥: الاصـلاح الزراعـي في العـراق والتنميـة الاقتصاديـة، مطبعـة المعـارف، بغـداد.

٨. ٨- العلوجـي، عبدالحميـد، ١٩٦٧: تاريـخ الطـب العراقـي، مطبعـة اسـعد، بغـداد.

٩. تمـوز، اللجنـة العليـا لاحتفـالات، ١٩٥٩: ثـورة ١٤ تمـوز في عامهـا الاول، مطابـع دار الاخبـار، بغـداد.

١٠. تمـوز، اللجنـة العليـا لاحتفـالات، ١٩٦١: ثـورة ١٤ تمـوز في عامهـا الثالـث، طبـع في زنكغـراف و مطبعـة الرابطـة، بغـداد.

١١. تمـوز، اللجنـة العليـا لاحتفـالات، ١٩٦٠: ثـورة ١٤ تمـوز في عامهـا الثـاني، طبـع في شركـة التجـارة والطباعـة (ذ . م . م )، بغـداد.

١٢. تمـوز، اللجنـة العليـا لاحتفـالات، ١٩٦٢: ثـورة ١٤ تمـوز في عامهـا الرابـع، زنكغـراف و مطبعـة الرابطـة، بغـداد.

١٣. حسـن، محمـد سـلمان، ١٩٦٥: التطـور الاقتصـادي في العـراق – التجـارة الخارجيـة والتطـور الاقتصـادي ١٨٦٤ – ١٩٥٨، ج١، منشـورات المكتبـة العصريـة، للطباعـة والنـشر، صيـدا – بـيروت.

١٤. درويـش، محمـود فهمـي، ١٩٦٠: دليـل الجمهوريـة العراقيـة لسـنة ١٩٦٠، مطبعـة التضامـن، بغـداد.

١٥. ديرهاكوبيـان، موسـيس، ١٩٨١: حالـة العـراق الصحيـة في نصـف قـرن، دار الحريـة للطباعـة، بغـداد.

**٥،٥. چاوپێکەوتن:**

١. رفعەت، نەزاد صاڵح: سلێمانی، ٢٠٢٢/١٠/١٧.

٢. ڕەشە، صلاح ئەدین عەلی صاڵح رەشید: سلێمانی، ٢٠٢٢/١٠/٣١.

## ملخص

تحـاول هـذه الدراسـة البحـث في الاوضـاع الصحيـة في مدينـة السـليمانية، مـن خـلال الوضـع الصحـي العـام في العـراق وتأثـير العوامـل الاقتصاديـة و السياسـية و القـرارات الحكوميـة التـي تدخـل ضمـن الخدمـات الصحيـة للفـرد العراقـي.

تتكـون هـذه الدراسـة مـن جزئـين رئيسـيين، خصـص الجـزء الاول لخطـة الحكومـة العراقيـة في ادارة القطـاع الصحـي بمـا يتضمـن القوانـين و الماليـة المخصصـة لهـذا القطـاع كذلـك التركيـز عـلى الاتفاقيـات الدوليـة التـي اشـترك فيهـا العـراق للنهـوض بالواقـع الصحـي. وركـز الجـزء الثـاني عـلى المؤسسـات الصحيـة في مدينـة السـليمانية مـن حيـث اعـداد المستشـفيات و المسـتوصفات و الرأسـمال المخصـص لهـذا القطـاع، مـع ذكـر اهـم الخطـوات التـي قامـت بهـا الحكومـة للنهـوض بهـا القطـاع.


**الكلمات الدالة:** الصحة، السليمانية، العراق، الاطباء، المستشفيات.


## Abstract

This study attempts to investigate the health conditions in the city of Sulaymaniyah, through the general health situation in Iraq and the impact of economic and political factors and government decisions that fall within the health services of the Iraqi individual.

This study consists of two main parts. The first part is devoted to the Iraqi government's plan to manage the health sector, including the laws and finances allocated to this sector, as well as focusing on the international agreements in which Iraq has participated in the advancement of the health situation. The second part focused on the health institutions in the city of Sulaymaniyah in terms of the numbers of hospitals and clinics and the capital allocated to this sector, with mentioning the most important steps taken by the government to advance the sector.


Key words: health, Sulaymaniyah, Iraq, doctors, hospitals.